گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/q52csx91

ڕێکـــەوتی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 02/09/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# ئاستی بایەخدان بە ڕۆژنامەگەری کوالیتی لە دیجیتاڵ میدیای کوردیدا پێگەی کەناڵی ئاسمانی (ئاڤا میدیا) بەنمونە

**ژیان عزیز محمود[1] - مغدید خدر أحمد[2]**

magded.sapan@su.edu.krd - zhyan.mahmood@su.edu.krd

[1+2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

چەمکی کوالیتی و بەکارهێنانەکانی لە دیجیتاڵ میدیادا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەداکردن و ڕەزامەندی بەکارهێنەر، لەمەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئاستی بایەخدان بە پێوەرەکانی کوالێتی ڕۆژنامەگەری لەدیجیتاڵ میدیا و کاریگەرییان لەسەر ئەدای پیشەیی کاری ڕۆژنامەوانی و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر بوەتە پێویستییەکی زۆر و پابەندبونیان بە کۆمەڵێك ستاندار و میکانیزمی کوالێتی بەرهەمی ڕۆژنامەوانی.

گرنگی ئەم تویژینەوەیە دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن تاوەکو لە گرنگی ڕۆژنامەگەری کوالێتی تێبگەن و ئەگەر ویستیان هەبێت بتوانن پەیڕەوی ستانداری کوالێتی بکەن و ئەدایان باشتربکەن و زیاتر متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوالێتییە لە ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان و دیاریکردنی ئاستی بایەخدانە بە کوالێتی ڕۆژنامەگەری لە دیجیتاڵ میدیایی کوردی. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەستوە و فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بەمەبەستی شیکاری چەندایەتی و چۆنایەتی بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکان، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیجیتاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لەنێویشیاندا وێب سایتی ئاڤا نیوزی کەناڵی ئاسمانی ئاڤا، (هەواڵ)ی وێب سایتی دیجیتاڵ میدیای کەناڵی ئاسمانی ئاڤا میدیا نمونەی توێژینەوەکەیە. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی لە ڕەچاوکردنی پێوەری بێلایەنی لەلایەن وێب سایتی ئاڤاوە، لە شرۆڤەکردنی بابەتەکان و وەرگرتنی ڕا و ڕای بەرامبەر بێلایەن نەبوە، زیاتر هەوڵیداوە لە شرۆڤەکردنی هەواڵەکان خزمەت بە حکومەت بکات، کەمترین ڕای بەرامبەر کە ڕای هاووڵاتییانە وەرگراوە. بابەتیبونی ناوەڕۆکی هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤانیوز، بەڕادەیەکی زۆر ئاماژەی بەسەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکان نەکردوە.

**وشە کلیلەکان:** ئاست، بایەخدان، ڕۆژنامەگەری کوالیتی، دیجیتاڵ میدیا.

# The Importance of Prioritizing Quality Journalism in Kurdish Digital Media:

## The Position of AVA Media Satellite Channel as a Case Study

**Zhyan Aziz Mahmood[1] - Magded Khdir Ahmad[2]**

[1+2]Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The concept of quality and its application in digital media play a pivotal role in enhancing performance and improving user satisfaction. Accordingly, this study seeks to identify and assess the extent to which journalistic quality standards are prioritized in digital media and to examine their impact on professional journalistic performance. In the current media landscape, earning public trust has become essential, requiring adherence to recognized standards and mechanisms that ensure the quality of journalistic output.

The significance of this research lies in its focus on Kurdish digital media, where evaluating the degree of attention to quality journalism provides valuable insights into how media outlets can align with professional standards, improve their performance, and strengthen public trust. The study aims to investigate the presence and application of journalistic quality standards in media content by analyzing both the quantitative and qualitative aspects of news reporting.

The findings indicate that while the Ava News and Ava Media websites demonstrate some adherence to reliability standards, particularly in ensuring message clarity, their practice of impartiality is limited. The analysis reveals a tendency to prioritize governmental perspectives over balanced reporting and a lack of respect for diverse public opinions. Furthermore, the credibility of the news is undermined by the insufficient attribution of authentic sources.

**Keywords:** Quality Journalism, Digital Media, Journalistic Standards, Kurdish Media.

## پێشەكی:

لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئینتەرنێت بەتایبەت لەماوەی دەیەی دوەمی ئەم سەدەیە، بەشێكی زۆری خەڵك پشت بە ئینتەرنێت دەبەستن بۆ بەدەست هێنانی هەواڵ، بۆیە ئەمرۆ ڕاگەیاندنی كوردی بەگشتی پێویستە كە چەمكی كوالێتی میدیایی بخاتە بواری جێبەجێكردنەوە.

لە كاتێكدا ڕۆژنامەگەری كوالیتی ڕۆڵێكی چارەنوسساز دەگێرێت لە كۆمەڵگا دیموكراسیەكاندا، بە ئاگاداركردنەوەی خەڵک و هۆشیاركردنەوەو بەشداری مەدەنی و لێپرسینەوە لە دەسەڵات. لەگەڵ پەرەسەندنی دیمەنی میدیا لەگەڵ تەكنەلۆژیا دیجیتاڵییەكان و گۆڕانی ڕەفتاری بەكاربەران، جیاوازی نێوان ڕۆژنامەگەری كوالیتی و هەستیاریی یان زانیاری هەڵە زیاتر دەبێت. ڕۆژنامەگەری كوالیتی بە وردبینی، بێلایەنی، هاوسەنگی، قوڵی و پابەندبون بە خزمەتكردنی بەرژەوەندی گشتی تایبەتمەندە.

ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستانیش لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردودا گەشەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی پلاتفۆرمی دیجیتاڵی. بەڵام زۆرجار چەمكی ڕۆژنامەگەری كوالیتی لەلایەن هۆكارە سیاسی و ئابوری و پیشەییەوە ڕوبەروی ئاڵەنگاری دەبێتەوە، ڕۆژنامەنوسانیش لە گەیشتن بە وردبینی و هاوسەنگی و بێلایەنی و پشتڕاستكردنەوەی زانیارییەكان و ڕاپۆرتكردنی ئەخلاقی ڕوبەرو دەبنەوە، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر هەڵسەنگاندنی پێوەرەكانی ڕۆژنامەگەری كوالیتی لە میدیای كوردیدا.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت: بەشی یەکەم برتییە لە ڕێبازنامەی تویژینەوەکە، بریتین لە ڕەهەندەکانی توێژینەوە بریتیین لە کێشەی تویژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوە، گریمانە، جۆر و ڕێبازی تویژینەوە، چەمکەکانی توێژینەوە، خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشو تاوتوێکردنیان. بەشی دوەم ڕۆژنامەگەری کوالیتی چەمك و پێناسە و مێژو، گرنگی و پێوەرەکانی خراوەتەرو. بەشی سێیەمیش بریتییە لە لایەنی شیکاری ناوەرۆك بۆ سامپڵی توێژینەوەکە و خستەروی دەرئەجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان.

## ١- میتۆدنامەی توێژینەوە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

هەستکردن بە کێشەی توێژینەوە و دەستنیشانکردنی، یەکێکە لە گرنگترین هەنگاوەکانی توێژینەوە و ڕێوشوێنەکانی دیکەی توێژینەوەی بەدوادادێت.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئاستی بایەخدان بە پێوەرەکانی کوالێتی ڕۆژنامەگەری لەدیجیتاڵ میدیا و بەتایبەت وێب سایتەکان و کاریگەرییان لەسەر ئەدای پیشەیی کاری ڕۆژنامەوانی و، بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر بوەتە پێویستییەکی زۆر و پابەندبونیان بە کۆمەڵێك ستاندار و میکانیزمی کوالێتی بەرهەمی ڕۆژنامەوانی.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی دیجیتاڵ میدیا و وایکردوە فۆرمێکی نوێ لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پەیدابێت و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان خێراتر بکات، لەم سۆنگەیەوە ئەوە دەخەینە ڕو، بایەخدانی دیجیتاڵ میدیای کوردی بە ڕۆژنامەگەری کوالێتی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیان لەچ ئاستێکدایە.

### ١-٢ گرنگی توێژینەوە:

**گرنگی لایەنی زانستی**: بەئەنجامدانی توێژینەوە بنەمای زانستی هەر بوارێك فراوانتر دەبێت، تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی ڕۆژنامەگەری کوالێتی بەزمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامنەدراوە، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە بۆ ئێستا و قۆناغی داهاتوش کە توێژەران بەشێوەیەکی بەرفراوانتر و لە ڕەهەندی دیکە توێژینەوە لەم بوارە ئەنجام بدەن.

**گرنگی لەلایەنی تیۆری**: گرنگی ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر چەمکی کوالێتی و کوالێتی ڕۆژنامەگەری، مۆدێلێك دادەڕێژێت بۆ هەڵسەنگاندنی کوالێتی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و دیجیتاڵ میدیای کوردی، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی یارمەتیدەر بۆ ئەوکەسانەی دەیانەوێت زانیارییان دەست بکەوێت، لەهەمان کاتدا ئاماژەدانە بەو سەرچاوانەی باس لە ڕۆژنامەگەری کوالێتی دەکەن.

**گرنگی لایەنی پراکتیکی**: گرنگی ئەم تویژینەوەیە لەلایەنی پراکتیکییەوە دەستنیشانکردنی ئاستی بایەخدانە بە ڕۆژنامەگەریی کوالێتی لە دیجیتاڵ میدیای کوردیدا، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن تا، وەکو لە ڕۆژنامەگەری کوالێتی تێبگەن، بەسودوەرگرتن لەم توێژینەوەیە میدیا و دیجیتاڵ میدیای کوردی، ئەگەر ویستیان هەبێت دەتوانن ستانداری کوالێتی پەیڕەوبکەن، تاوەکو ئەدای کارکردنیان باشتربێت و متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنن.

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوە:

١. ئاشنابون بە چەمکی ڕۆژنامەگەری کوالێتی.
٢. خستنەڕوی پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوالێتی لە ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکاندا.
٣. دیاریکردنی ئاستی بایەخدان بە کوالێتی ڕۆژنامەگەری لە دیجیتاڵ میدیایی کوردیدا.

٤.دەستنیشانکردنی ئاستی جێبەجێکردنی پێوەرەکانی کوالێتی لە ناوەڕۆکی هەواڵی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا.

### ١-4 پرسیارەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پرسیارێکی سەرەکی دەخاتەڕو، بریتییە لەوەی ئایا دیجیتاڵ میدیای کوردی چەندە بایەخ بە ڕۆژنامەگەریی کوالیتی دەدات؟ ئەمەش چەند پرسیارێکی دیکە لەخۆدەگرێت:

١- ڕۆژنامەگەری کوالێتی چییە؟

٢- پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوالێتی لە ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکاندا چییە؟

٣- ئایا خاوەندارێتی میدیا کاریگەری هەیە لەسەر کوالێتی بەرهەمەکانیان؟

٤- لەدیجیتاڵ میدیای ئاڤا، تا چ ڕادەیەك ستانداری کوالێتی ناوەڕۆك لەکارەکانیاندا جێبەجێ دەکەن؟

### ١-٥ جۆر و ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی یە، پشتی بە میتۆدی شیکاریی بەستوە، بۆیە لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەدا پەنا براوەتە بەر میتۆدی شیکاری بەمشێوەیە: ئەنجامدانی ڕێکارەکانی شیکاریی ناوەڕۆك لەسەر سامپڵێك لە هەواڵەکانی وێب سایتی دیجیتاڵ میدیایی کەناڵی ئاسمانی ئاڤا میدیایە.

### ١-٦ کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیجیتاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان،نمونەی توێژینەوەکە وێب سایتی ئاڤا نیوزی کەناڵی ئاسمانی ئاڤا لەهەرێمی کوردستان دەستنیشانکراوە. هۆکاری هەڵبژاردنی وێب سایتی ئاڤا نیوز دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێشتر توێژینەوەی لەسەر نەکراوە و وەتازەیی کەناڵەکە و فراوانی پێگەکەی لەڕوی پەخش و بابەت و ڕوماڵکردنەوە. ژانری هەواڵ هەڵبژێردراوە لە وێبسایتی کەناڵەکە، بۆ ماوەی ٣ مانگ لە (٢٠٢٥/٢/١ تاوەکو ٢٠٢٥/٤/٣٠)، بەهۆی ئەوەی یەکێکە لە ژانرە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن و خێراییە بۆ ڕوماڵکردن و ژمارەیەکی زۆری هەواڵەکان بڵاودەکرێنەوە لە ڕۆژدا.

### ١-٧ کەرەستەکانی توێژینەوە:

**فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك**: جۆرێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، توێژەر فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ زانین و دیاریکردنی (ئاستی بایەخدان بە ڕۆژنامەگەری کوالێتی لە هەواڵەکانی وێب سایتی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا)، فۆرمەکە ئامادەکراوە بەمەبەستی شیکاری چەندایەتی و چۆنایەتی بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکان، پاشان لەلایەن (٥) پسپۆڕی ئەکادیمییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، بەپێی سەرنج و بۆچون و تێبینییەکانی هەڵسەنگێنەران گۆڕانکاری لە چەند بڕگەیەکی پرسیارەکانی ناو فۆڕمەکە کراوە.

**ئامرازی چاوپێکەوتن:** وەك: یەکێك لە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زانیاری، تویژەر لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی چاوپێکەوتنی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە (کەناڵی ئاسمانی ئاڤا میدیا و دیجیتاڵ میدیا) کەی و هەواڵ و بەشەکانی ئاڤا میدیا کردوە، گرنگی بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری دیجیتاڵ میدیاکە داوە.

**تێبینی:** ئامرازێکی توێژینەوەی زانستییە لەلایەنی تیۆری و مەیدانییەوە بەکاردەهێنریت، لە ڕێگەی بیروبۆچونی توێژەر، لەهەر شوێنێك پێویستی بوبێت، ئامرازی تێبینی بەکارهێناوە.

### ١-٨ چەمکەکانی توێژینەوە:

١- **ئاستی بایەخدان:** زاراوەی "ئاست" ئاماژەیە بە پێگەیەک یان خاڵێک لە پێوەرێک یان پلەبەندییەکدا، تەختەیەکی ئاسۆیی، یان دۆخی بون لە هەمان بەرزیدا، بۆ نمونە دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ بڕی یان ڕادەی شتێک، بەرزی ڕوکارێک بە بەراورد بە خاڵێکی ئاماژە، یان قۆناغێکی دیاریکراو لە پرۆسەیەکدا.

کەواتە دیاریکردنی ئاست لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەستنیشانکردنی پلەی زۆر و کەمی ڕەچاوکردنی ڕۆژنامەگەری کوالێتییە لە ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکانی دیجیتاڵ میدیای کوردیدا، یاخود مەبەست لێی ڕادەی بایەخدانە بە هەمو پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوالێتی کە پێگەی دیجیتاڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕەچاویانکردوە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیاندا.

٢- **ڕۆژنامەگەری کوالیتی:** ئاماژەیە بۆ ڕاپۆرتکردنی هەواڵ کە پابەندە بە پیشەییەکانی وردبینی و هاوسەنگی و سەربەخۆی و بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی، ئامانج لێی ئەوەیە کە زانیاری گشتگیر و لێکۆڵینەوەی باش و هاوسەنگ لەسەر پرسە گرنگەکان بدات بەخەڵك.

ڕۆژنامەگەری کوالێتی پراکتیزەیەکی پیشەییە بە پشتبەستن بە زانیارییە ورد و سەلمێنراوەکان، دیدگایەکی هاوسەنگ و پابەندبون بە ستاندارده ئەخلاقیەکانە، بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر بە زانیارییەکان و خزمەتکردن بە کۆمەڵگا.

٣- **دیجیتاڵ میدیا:** دیجیتاڵ میدیا بریتییە لە فۆرمێکی نوێی میدیا وەك ئامرازێکی پەیوەندیی جەماوەری زادەی تەکنەلۆژیای نوێیە، چالاکی و ڕوداوەکان بەشێوەی نوسراو و گوتراو و فۆتۆ و ڤیدیۆیی و گرافیك و ئینفۆگرافیك بەشێوەیەکی خێرا دەگوازێتەوە لەسەر هێڵی ئینتەرنیت لەڕێگەی پلاتفۆرمە جیاجیاکانی، وەك: تویتەر، یوتوب، ئینستاگرام، فەیسبوك، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، وەك: پێشکەشکردنی کۆمەڵێك خزمەتگوزاری هەواڵ و زانیاری بە بەکارهێنەرەکان.

## ١٠-١ توێژینەوەکانی پێشو

### ١. توێژینەوەی ئاراز رمضان احمد بەناونیشانی (ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا). ٢٠١٨

بەهۆی نەبونی توێژینەوەی کوردی و بەزمانی کوردی لەسەر ڕۆژنامەگەری کوالیتی، توێژەر لە گۆڕاوی پاشکۆ کە بریتییە لە (دیجیتاڵ میدیا)، سودی لەم توێژینەوەی پێشو وەرگرتوە، توێژینەوەیەکی وەسفییەو میتۆدی شیکاری و ڕاپرسی بەکارهێناوە، مشتەی توێژینەوەکەی بریتییە لە مامۆستایانی زانکۆی (جیهان/هەولێر، زانکۆی ڕاپەرین)، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕوداو لەلایەکی دیکەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی ئاستی ڕۆڵبینینی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە چاندنی سیاسیی لای جەماوەری دەستەبژێر لەهەرێمی کوردستان، دیاریکردنی ڕادەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بۆ وەرگرتنی زانیاریی و ڕۆشنبیریی و شرۆڤەی سیاسی لەلایەن جەماوەر لەهەرێمی کوردستان، و زانینی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی سیاسی جەماوەر لەهەرێمی کوردستان.

**توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتوە، گرنگترین ئەنجامەکانیش:**

پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان سەرچاوەیەکی باشی (هۆشیاری سیاسی)ین لای مامۆستایانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستاندا، کاروباری سیاسی هەرێمی کوردستان بەگشتی گرنگترین بوارە، کە لەڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە و لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستاندا بەدواداچونیان بۆ کراوە و، شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا جێی متمانەن، چونکە پشت بە لێکدانەوەی زانسیتی و بابەتیبونی ڕوداوەکان دەبەستن، هەروەها دەبێتەهۆی هۆشیارییەکی کاتی، کەدەکرێ بەجەختکردنەوەی بەردەوام ڕەگ داکوتێ.

ئەم توێژینەوەیە خاڵی لێکچونی هەیە لەگەڵ توێژینەوەکەمان، لەڕوی گۆڕاوی دیجیتاڵ میدیاوە هاوبەشن، هەردوکیان پێگەی ئەلیکترۆنییان وەرگرتوە. توێژینەوەکە میتۆدی شیکاری و ڕاپرسی بەکارهێناوە لەگەڵ سامپڵێك لە مامۆستایانی زانکۆ، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تەنها میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ سامپڵێك لە هەواڵەکانی کوردستانی. توێژینەوەکە پێگەی ئەلیکترۆنی ڕوداوی وەرگرتوە، ئەم توێژینەوەیە پێگەی ئەلیکترۆنی ئاڤانیوزی وەرگرتوە.

**٢. توێژینەوەی حمزوة قدة، عطاء الله طريف، خالدية مداح، بەناونیشانی (تقيم جودة محتوي الصحافة الالكترونية الجزائرية دراسة تحليلية لموقع البلاد، النهار) ٢٠٢١.**

توێژینەوەیەکی وەسفی وشێوازی (ڕوپێوی وەسفی) بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی ماڵپەڕەکانی جەزائیرن، کە فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەرەکانی کوالێتی هەردو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (النهارو البلاد)ی بەکارهێناوە، ماوەی وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکەی لە ٢٠٢٠/١/١ بۆ ٢٠٢٠/٣/٣١ دیاریکردوە و بەشێوەی خولگەی و مانگی دەستکرد دیاریکردوە.

لەڕێگەی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، توێژەر شیکردنەوەی بۆ پێوەرەکانی کوالێتی ڕۆژنامەگەری هەردو ماڵپەڕی (النهارو البلاد) کردوە، بۆ هەریەك لە پێوەرەکانی (وردبینی، تازەیی وبەردەستبون، هەمەچەشنی بابەتەکان، بابەتگەرایی، وهەمەلایەنی گەیشتوە بەچەند ئەنجامێك، گرنگترین ئەنجامەکانیش: بریتین لەوەی ماڵپەڕی النهار لە پێوەری وردبینی بە ڕێژەی ٣٠,١١ لەپێش ماڵپەڕی البلادە کە بەپلەی ٢٥,٣٣یە، لە پێوەری بابەتیبون ماڵپەڕی البلاد بە ڕێژەی ٢٩ لە پێش ماڵپەڕی النهارە بە پلەی ٣٣,٥هاتوە، لەبەکارهێنانی ڕادەی ناونیشانی سادە و سەرنجراکێش، ماڵپەڕی البلاد بە ڕێژەی ٣٤ لە پێش ماڵپەڕی النهارە کە ڕیژەکەی بریتییە لە ٢٤,٩٢.

هەردو توێژینەوەکە زۆر نزیکن لەیەکەوە جگە لە سود وەرگرتنی لەلایەنی میتۆدی و سامپڵ، خاڵی هاوبەشی هەردو توێژینەوەکە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بەکارهێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەرەکانی کوالێتی لە پێگەی ئەلیکترۆنی.

**٣. توێژینەوەی** Laila J. Granderath **بەناونیشانی (** The Journalistic Quality of News on Instagram: A Qualitative Content Analysis of Instagram Posts and Stories From U.S.-American and German News Outlets) زانکۆی Leipzig University لە ٢٠٢٣.

توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ سێ ماڵپەڕی دیجیتاڵی ئەڵمانی و سێ ماڵپەڕی دیجیتاڵی ئەمریکی بەناوەکانی (Vox،WG، News،Spiegel Magazine ،NYT،CNN)، شیکاری ناوەڕۆکیان بۆ کراوە لەڕوی جێبەجێکردنی پێوەرەکانی کوالێتی ڕۆژنامەگەرییەوە، تیشك دەخاتە سەر چۆنییەتی گونجاندنی پێوەرەکانی کوالێتی میدیاکان لەگەڵ لۆژیکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

ئامانجی توێژینەوەکە بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی هەواڵی کوالێتی لە تۆری کۆمەڵایەتی ئینستگرام، چۆن بتوانرێت زیاتر بروانرێتە کوالێتی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر ئەو پلاتفۆرمە. لەڕێگەی خستنەڕوی پرسیاری ئایا میدیاکانی ئەڵمانی و ئەمەریکی چەندە کوالێتی ڕۆژنامەگەریان لە ئینستگرام جێبەجێ دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە گەیشتوە بەچەند ئەنجامێك، لەوانە: ڕۆژنامەنوسان ڕوبەڕوی بەربەستێکی نوێ دەبنەوە لە بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەگەری بەکوالێتی لە ئینستگرام، بە گونجاندنی ناوەڕۆك لەگەڵ لۆژیکی میدیای کۆمەڵایەتی، کە دەکرێت پێوەرەکانی کوالێتی، وەك: خێرایی بڵاوکردنەوە، تێگەیشتن، چەسپاندنی پەیوەندیدار، کارلێکی، بەرز بکرێنەوە، بەڵام لەبەرامبەردا پێوەری بێلایەنی دەکرێت کەم ببێتەوە، ئاستی کوالێتی لە ڕاپۆرتەکاندا بەگشتی بەرزترە، وەك لە پۆستەکاندا،

لەڕوی خۆ گونجاندن لەگەڵ لۆژیكی ئینستگرام، شیكاریی ئەم توێژینەوەیە دەریخستوە كە میدیاكان بەشێكیان خۆیان گونجاندوە لەگەڵ لۆژیكی ئینستگرام، بەتایبەتی لە میدیاكانی News WGو كەتایبەتمەندییە كارلێكییەكانی ئینستگرامیان بەكارهێناوە بۆ ئەوەی سەرنجی بەكارهێنەر بەلای خۆیدا ڕابكێشێت، بەڵام هاوكات بوەتە هۆی كەمبونەوەی بێلایەنی.

ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوە تازەكە خاڵی هاوبەشیان زۆرن، كە هەردو توێژینەوەكە میتۆدی وەسفی، شیكردنەوەی ناوەڕۆكیان بەكارهێناوە بۆ دەرخستنی جێبەجیكردنی پێوەرەكانی كوالێتی لە هەواڵەكاندا، هەردوكیان دیجیتاڵ میدیایان بەكارهێناوە. بەڵام خاڵی جیاوازیان ئەم توێژینەوەیە شەش ماڵپەڕی دیجیتاڵی وەرگرتوە، هەواڵەكانی تۆڕی كۆمەڵایەتی ئینستگرامی وەك: سامپڵ وەرگرتوە، لەكاتێكدا توێژینەوە تازەكە تەنها هەواڵەكانی یەك وێب سایتی ئەلیكترۆنی لەهەرێمی كوردستان وەرگرتوە.

## ١-٢ پێناسەو چەمكی كوالیتی و ڕۆژنامەگەریی كوالیتی

لەڕوی زمانەوانییەوە: لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە كوالیتی بەواتای (چۆنیەتی،یخود چۆنایەتی یان چلۆنایەتی)دێت (ماجد،١٣٦٩ی فارسی،٢١٣)، یاخود شیكردنەوەی چۆنێتی لەڕوی سروشتی شت(نەژاد)، یاخود بەواتای نایابی(زۆرباشە)دێت، لەڕوی كۆمەڵایەتییەوە خەڵكی پلەوپایەی بەرزی هەبێت (بەگزادەیی)دێت. (قەرەداخی،٢٠٠٦،٧٧٣). لە فەرهەنگی (معجم الوسط) لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی (أجاد) هاتوە، بۆ ئەنجامدانی كاری باش لە قسەكردن یان كرداردا، یان هێنان و دروستكردنی شتێكی باش كە كوالیتی باشی هەبێت (ثنیو، ٢٠١٧، ٣٣).

فەلسەفەی كوالێتی تەنیا لە سەردەمی هاوچەرخدا نییە، بەڵكو مرۆڤایەتی لەسەردەمی كۆنەوە پێی ئاشنا بوە و بەردەوام بە دوای شتە باشترەكاندا گەڕاوە بۆ ژیانی.

لەڕوی زاراوەییەوە: ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ ستانداركردن(ISO) لە پێناسەكردنی كوالیتی دەڵێت: چۆنیەتی ئەو ڕادەیە یە كە پێداویستی و چاوەڕوانیە ئاشكراو نادیارەكان لە ڕێگەی كۆمەڵێك تایبەتمەندی سەرەكی دیاریكراوی پێشوەختەوە، كوالتی مەرج نییە بە مانای نایابی بێت، بەڵكو سادەیی گونجانیەتی لەگەڵ تایبەتمەندیەكان و گۆڕانی پێداویستییەكانی كڕیاران، بۆیە كڕیار ئەو كەسەیە كە بڕیار لەسەر كوالیتیەكە دەدات، ئەو بڕیار دەدات كە ئایا بەرهەمەكە دەگونجێت یان نا، پێویستی پێیەتی یاخود نا ( عبد الرضا،٢٠١٧، ٤).

پەیمانگای ئەمەریكی بۆ كۆنترۆڵی كوالیتی بەمجۆرە پێناسەی كوالیتی كردوە، بریتییە لە كۆی تایبەتمەندییەكانی بەرهەمێك و خزمەتگوزارییەك كە وادەكات توانای دابینكردنی هەندێك پێویستی هەبێت (ثنیو، ٢٠١٧، ٣٣).

دەتوانین بڵێین كوالیتی ئاماژەیە بۆ ئەو ڕادەیەی كە بەرهەمێک، خزمەتگوزارییەک، یان پرۆسەیەک پێداویستییە دیاریكراوەكان بەدی دەهێنێت و چاوەڕوانییەكانی كڕیار تێر دەكات. دڵنیابون لەوەی كە بەرهەمەكە دورە لە كەموكوڕی و مەبەستی مەبەستدار بە شێوەیەكی كاریگەر بەدی دەهێنێت.

**ڕۆژنامەگەری كوالیتی:** لەبارەی ڕۆژنامەگەری كوالیتی "پیكارد" ئاماژەبەوەدەكات كە دەتوانرێت كوالیتی ڕۆژنامەگەری بەو چالاكییە ڕۆژنامەگەرییانەی كە بەشدارن لە بەرهەم هێنانیدا بپێورێت، (SRISARACAM،٢٠١٩،57). ڕۆژنامەگەری كوالیتی دەتوانێت ڕاپۆرتێكی جددی بێت بۆنمونە لەسەر یاسادانان یان خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات، بەڵام دەتوانێت ڕەخنەی هونەری، نوسینی فیچەر، وەرزشیش بێت – یاخود هەر بابەتێك بێت، بە مەرجێک خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بكات و ستانداردەكانی پشتڕاستكردنەوە و نوسینی باش پەیڕەو بكات (VEHKOO،٢٠١٠-٢٠٠٩،19 ).

بەپێی پرەنسیپەكانی ڕۆژنامەی داگینس نیهتەر، كە ژمارەی یەكەمی لە ٢٣ی دێسەمبەری ١٨٦٤ لە ستۆكهۆڵم دەرچو، ڕۆژنامەگەری كوالێتی بریتییە لە بێلایەنی لە پرس وبابەتەكان، ڕاست و دروستی و پشتڕاستكردنەوەیان لەچەند

سەرچاوەیەکەوە لە هەمو نوسینەکانی بڵاوەکرێنەوە، کۆنترۆڵکرابن و توندنەبێ و ڕەنگدانەوەی چۆنایەتی باش و جێگای بڕواپێکردن بن. (سەپان،٢٠١٩، ١٧٥) گرنگی ڕۆژنامەگەری کوالیتی لەوەدایە، کە متمانەیەکی جوان لە نێوان دەزگای ڕاگەیاندن و جەماوەر دروست دەکات و بڕوا بە بابەتەکانی وێبسایتەکە دەکەن، بەوەش ژمارەی وەرگر زیاد دەبێت و دەزگای ڕاگەیاندن داهاتی زیاتری دەست دەکەوێ، چونکە ئامانج لە هەبونی دەزگای ڕاگەیاندن، چەواشەکردن نییە، بەڵکو گەیاندنی زانیاری دروستە بە وەرگر. بەشێوەیەکی گشتی، دەگەینە ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری کوالێتی بریتییە لە ڕاپۆرت کردنی هەواڵ و زانیارییەکان بەوردی و بەرپرسیارانە و بێلایانانە، پشتڕاستکردنەوەی ڕاستییەکان و پێشکەشکردنی چەندین کۆشەنیگا بۆ ئەوەی بینەران ڕونتر و گشتگیرتر لە ڕوداوەکان تێبگەن.

## ٢-٢ مێژوی ڕۆژنامەگەری کوالیتی

لە ناوەڕاستی دوەمی سەدەی ڕابردو ڕۆژنامەنوسی نوێ New Journalism لەدایکبوە، جگەلەوەش شێوەیەکی دیکە بەناوی ڕۆژنامەنوسی کوالێتی Quality journalism هەیە و لەهەندێك شوێن، وەك: ڕۆژنامەنوسی باش Good journalism یش ناوی دەهێنرێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، ڕۆژنامەو گۆڤار پێشکەوتنی زۆریان بەخۆیانەوە بینی. لەڕاستیدا، ئەم پێشکەوتنەی ڕۆژنامەنوسی پێویستی بە ستایل و جۆری نوسینی تازە هەبو، بەتایبەتیش لەو کاتەی گواستنەوەی وێنە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤار لە ڕێگەی داهێنانەکەی Alexander Graham Bell بەناوی phone photo ئاسانتر بو، هێواش هێواش وێنەی گەورەو ساف لە شوێنی ڕوداوەکان دەگیرا و لەگەڵ زۆربەی تێکستە هەواڵییەکان دادەنران. (سەپان، ٢٠١٩، ١٧٥).

”جۆن مێریڵ" کە لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕۆژنامە سەرەکییەکانی جیهانی بەناو "هەرەمی نوخبەی ڕۆژنامەکان"دا ڕیزبەندی کرد، یەکەم نوسەر بو، کە ئەم مەیلەی دەستنیشان کرد و لە هەندێک ڕووەوە ئەو کەسە بو کە گفتوگۆی ئەکادیمی سەبارەت بە کوالیتی ڕۆژنامەوانی دەستپێکرد(Conde ، pascual،٢٠١٠،4 ).

لێکۆڵینەوەکانی ڕاپرسی لە ڕۆژنامەگەریی کوالیتی دەتوانرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ کتێبی جۆن سی ”ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان”(١٩٦٨)، کە”مێریڵ" بەم نیشانانە کوالیتی ڕۆژنامەگەری دەخاتە ڕو: ڕۆژنامەیەکی ئازاد، بوێر، متمانەپێکراو، سەربەخۆ، هەواڵ-ڕوانگە-ئۆرییە گۆڤار کە بەرپرسیارە بەرامبەر بە خوێنەرانی (VEHKOO،٢٠١٠-٢٠٠٩،19).

لە ساڵی ١٩٧٧، "لیۆ بۆگارت" ڕاپۆرتێکی لەسەر ٧٤٦ بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ئەمریکی ئامادەکرد لەبارەی تایبەتمەندییەکانی کوالیتیەوە، کە (ڕاستگۆیی) پلەی یەکەم و (زانیاری بێلایەن) پلەی دوەم و، (بەدواداچون) پلەی سێیەم و، (ڕۆژنامەنوسی شارەزا) پلەی چوارەم و، (شێوازی دارشتنی ئەدەبی) پلەی کۆتایی بو.

دواتریش لەساڵی ١٩٩٠، "گلادنی" پرسیاری لە ٤٠٠ سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانە و ڕۆژنامە گەورەکان کرد تاوەکو نۆ پێوەر بۆ کوالیتی ڕۆژنامەگەری هەڵبسەنگێنن. لە ڕوی پێوەری خاوەندارێتی و ڕوماڵکردنی ناوخۆیی و ڕاستی و وردی زانیارییەکان، کوالیتی سەرنوسەر، و سەرنجراکێشی بینراو(Conde ، pascual،٢٠١٠،6 )..

لەڕوانگەی ئەو مێژوەی باسمان کرد، دەتوانین ئاماژە بەوەبکەین ڕۆژنامەگەری کوالێتی مێژوبەکی قوڵ و درێژی هەیە. ڕۆژنامەگەری کوالیتی بە تایبەتی سەرنج دەخاتە سەر پابەندبون بە وردبینی، دادپەروەری، قوڵی و دەستپاکی لە ڕاپۆرتکردندا. لە مێژوی ڕۆژنامەگەریدا زۆرجار ڕاپۆرتکردنی پێشوەختە لە ژێر کاریگەری ئەجێندا سیاسییەکان، لایەنەکان، یان پشتڕاستکردنەوەی سنورداردا بوە، لە کاتێکدا مێژوی ڕۆژنامەگەریی کوالیتی سەرهەڵدانی ستاندارده پیشەییەکان،

پشکنینی ڕاستییەکان، ڕاپۆرتکردنی لێکۆڵینەوە و جەختکردنەوە لەسەر لێپرسینەوەی گشتی دیاری دەکات، ئەوە قۆناغێکی پێگەیشتوترە لە پەرەسەندنی میدیادا.

## ٣-٢ گرنگی ڕۆژنامەگەری کوالیتی

گرنگی ڕۆژنامەگەریی کوالێتی زۆر گشتگیرە و کاریگەری لەسەر هەمو لایەنەکانی کۆمەڵگە هەیە. ڕۆژنامەگەریی کوالێتی وەک ستونێکی سەرەکی بۆ دەستەبەری دیموکراسی کاردەکات، لێرەدا گرنگترین لایەنی ڕۆژنامەگەریی کوالیتی دەخەینەڕو کە بریتیین لە:

١. گرنگی ڕۆژنامەگەری کوالێتی وادەکات زانیارییەکان لەسەر بنەمای ڕاستی و ڕەخنەگرانە و بێلایەنانە بن و ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات. بەم شێوەیە، هەوڵدەدات ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن کەسانێک یان گروپە بەهێزەکانەوە شاردراوەتەوە ئاشکرا بکات.( Olsen،٢٠١٨،58 )

٢. پەیوەندی بە دیموکراسییەوە هەیە، کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر نۆرمەکانی دیموکراسی، بەشداری کۆمەڵایەتی، وەڵامدەرەوەی حکومەت و کۆمپانیاکان، کە ڕاپۆرتی جدی و متمانەپێکراو لەڕێگەی دروستکردنی متمانەی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی مافی مرۆڤ، هاوکارە لە کارایی ئابوری و گەشەپێدانی بەردەوام (.Schiffrin.2024).

٣. هەندێجار پەیوەندی بەو بابەتانە هەیە کە پارەی گشتی تێیدا خەرج دەکرێت. نمونەی ئەمجۆرە بابەتانە بریتین لە پەروەردە، ئابوری، کاروباری دەرەوە، سەربازی، ئاسایشی نەتەوەیی، سیاسەت و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

٤. گرنگییەکی دیکەی ڕۆژنامەگەری کوالێتی هەوڵدەدات مانادار و پەیوەندیدار و سەرنجڕاکێش بێت، لەڕێگەی پێشکەشکردنی شیکردنەوەی زانیارییەکان و شێوازەکانی چیرۆک گێڕانەوەی باش (Olsen،٢٠١٨،58 ).

٥. گرنگی و ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی کوالیتی لە ڕێنماییکردنی کۆمەڵگادا، جەماوەرێکی زۆر دەتوانن دەستیان بگات بە ڕوماڵکردنی ڕۆژنامەگەری بۆ پرسە هەنوکەییەکان و پەیوەندیدارەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی خۆ چاودێریکردنی کۆمەڵگا (Granderath،2023 ،20).

٦. کوالیتیی هەواڵ و زانیارییەکان تەنانەت لەکاتی بەرزبونەوەی هەواڵی ناڕاست و هەڵەشدا، لێپرسینەوە و وەڵامدانەوەی بەرەوپێش دەبات، بەوەی دوبارە پێداچونەوە و پشکنینی ڕاستییەکان دەتوانێت بەرپەرچی تەواوی ئەو پروپاگەندە ناڕاستانە بداتەوە کە وەک لافاو ڕوی لە سەرانسەری جیهان کردوە ( Stiglitz.،Groves ،2024 ).

٧. کاریگەری ڕەچاوکردنی بینەران لەسەر تێگەیشتن لە ڕۆژنامەگەری کوالیتی لە چوارچێوەی دیجیتاڵ میدیادا، ماڵپەڕەکان و ڕۆژنامەنوسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناچار دەکەن بیر لە داواکارییەکانی بینەران بکەنەوە و ستراتیژییەکانی بەشداریکردنی بینەر پەرەپێبدەن، کەئەنجامی ئەم پرۆسەیە جیاوازە؛ ڕۆژنامەنوسانی کارا چالاکانە لەگەڵ بینەران پەیوەندی دەکەن و چاوەڕوانییەکانی بەکارهێنەر لە کوالیتی ڕۆژنامەوانی بەدی دێنن (413، ٢٠٢٤، degen).

٨. هەروەها ڕۆژنامەنوسان دەتوانن بگەنە ئەو ئامانجەی کە بەها پیشەییەکان لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەگەری کوالێتیدا پراکتیزە بکەن و زاڵبن بەسەر گرفتە ئیتیکییەکان و بەدەستهێنانی متمانە و، ئەنجامدانی ڕۆڵی پاسەوانی دەرگا لە بەرژەوەندی گشتیدا (123، ٢٠١٩،SRISARACAM ).

لێرەدا دەتوانین بڵێین گرنگی ڕۆژنامەگەری کوالیتی لەوەدایە، کە متمانەیەکی جوان لە نێوان ڕۆژنامە – دەزگای ڕاگەیاندن و جەماوەر دروست دەکا، کە ئەوان باوەڕ بە بابەتەکانی ناو ڕۆژنامە یان وێبسایدەکە دەکەن، بەوەش ژمارەی وەرگر

و ئابۆنەداران زیاد دەبێت و دەزگای ڕاگەیاندن داهاتی زیاتری دەست دەکەوی، چونکە ئامانج لە هەبونی دەزگای ڕاگەیاندن، چەواشەکردن نییە، بەڵکو گەیاندنی زانیاری دروست و تێرە بە وەرگر.

## ٤-٢ پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوالیتی

پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەریی کوالێتی کۆمەڵێک بنەما و ستانداردن کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی باشی و دروستیی کاری ڕۆژنامەگەری بەکاردێن. ئەم پێوەرانە دڵنیایی دەدەن کە ناوەڕۆکی میدیایی بە شێوەیەکی پیشەیی، ئەخلاقی و کاریگەر پێشکەش دەکرێت، بەگشتی گرنگترین بنەماو پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوالێتی بریتین لە:

١. **وردبینی**: لەهەمو بنەماکانی ڕۆژنامەگەریدا ڕێزی لێدەگیرێت و بەردی بناغەی ڕۆژنامەگەری پیشەییە. ئەو زانیارییانەی دەگەیەنرێن، پێویستە لەگەڵ واقیعدا بگونجێت، ڕاستگۆ بن و لانیکەم لەلایەن دو سەرچاوەی سەربەخۆوە پشتڕاست بکرێتەوە؛ بەڵام وردبینی تەنها پابەندبون بە ڕاستییەکان نییە و ڕۆژنامەنوسان تەنیا "ستانۆگرافەرەکان" نین کە بە توندی هەوڵدەدەن پێنج W ی ڕۆژنامەگەری تێر بکەن: کێ؟، چی؟، کەی؟، لە کوێ؟و بۆچی؟ (بە پرسیاری زیادەی چۆن؟)، چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژنامەنوسان شیکارییەکی ورد و قوڵ پێشکەش بکەن کە هاوولاتیان بتوانن بڕیارێک بدەن کە کاریگەری لەسەر ژیانیان هەبێت.

٢. **بێلایەنی:** پێشکەشکردنی ڕاستییەکان بە شێوازێکی بێ هەڵچون (News literacy classroom resources)، دەزگا ڕاگەیاندنەکان دەبێ لە هەمو کاتێکدا هەوڵبدەن بێلایەن بن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە خۆیان لە نیشاندانی لایەنگیری بەرامبەر بە هەر دیدگایەک یان لایەنگیری هەڵوێستێک بەسەر هەڵوێستێکی دیکەدا دەپارێزن، لە کاتێکدا کە بۆچونی ڕۆژنامەنوسان نابێت کاریگەرییان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکانیان هەبێت، بە تایبەت لە کاتی ڕوماڵکردنی بابەت و پرسە مشتومڕاوییەکان(Temenugova,etal,2025,p8).

٣. **بابەتیبون:** بابەتیبون یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی هەواڵ لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا، بە کۆڵەکەیەکی بنچینەی بۆ ڕۆژنامەگەری کوالێتی دادەنرێت (محمەد ، ٢٠١٤، ٣٩).

٤. **شەفافیەت:** شەفافیەت یەکێکی دیکە لە پێداویستییە گرنگەکانی کوالیتی لە ڕۆژنامەگەری دیجیتاڵیدا، بە تایبەتی لە پێگە ئەلیکترۆنیی فەرمیی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، لە سەروی هەموشیانەوە، پراکتیکەکانی کارکردنی شەفاف یارمەتی بونیادنانی ناوبانگ و متمانەی ڕۆژنامەگەری دەدەن (Granderath،2023،29 ).

٥. **کۆنتێکست:** پێشکەشکردنی زانیاری بەشێوازێك کە ماناکەی ڕون بێت، بەپێی (SPJ) کۆنتێکستکردن بە پلەی یەکەم بریتییە لە پێدانی زانیارییەکی پاشخانی گونجاو بە خوێنەر ؛ بۆئەوەی بە تەواوی لە چیرۆکەکە تێبگات، بۆیە دەتوانرێت وردبینی وەک کۆنتێکستکردن وەسف بکرێت. زانیاری قوڵی پاشخان، کۆنتێکستکردنی سەرەتایی، دانانی ڕوداوەکان لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا هەمویان نمونەی ئەمەن ( ٢٨، ٢٠٢٣، Granderath).

٦. **ڕاستگۆیی:** خستنەڕوی ڕاستییەکان بە شێوەیەک کە ماناکانیان ڕون و دادپەروەرانە و ورد و ڕاست و دروست بێت،(News literacy classroom resources).هاووڵاتییان پێویستیان بە زانیاری پشتڕاستکراوە و بێلایەن و ڕاستگۆ هەیە سەبارەت بە کۆمەڵگا و پرۆسەی سیاسی، پێویستە میدیا و چاپەمەنی دابینکەری ئەم زانیارییانە بێت، وەک لەلایەن کۆمیسیۆنی هاچینزەوە هاتوە ڕۆژنامەگەری پێویستی بە "ڕاستییەکانی پشت ڕاستییەکان بڵێت"؛ بۆئەوەی ڕۆڵی دیموکراسی خۆی بەجێبهێنێت. ( Olsen،٢٠١٨،58 ).

٧. **هاوسەنگی و دادپەروەری:** هاوسەنگی و کوالیتی و باوەڕپێکراوی لە ڕوداوەکان بەبێ ئەوەی لایەنێک بخاتە سەر لایەنێکی دیکە شەرعیەت بدرێت بە لایەنێک. بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە و کەسانی پەیوەندیدار بکرێت، دەرفەت بدرێت بە کەسانی پەیوەندیدار کە بۆچونەکانیان بەیەکەوە باس بکەن وەڵامی هەر جەختکردنەوەیەک یان تۆمەتێک بدەنەوە کە لەسەریان دەوترێت (News literacy classroom resources).

٨. **فرەچەشنی:** هەمەجۆریی وەک یەکێک لە کلیلەکانی پێناسەکردنی کوالیتی هەواڵەکان سەیر کراوە، لاسی و ڕۆزنستیل ڕونیان کردەوە کە هەمەجۆریی بریتییە لە: (١) ژمارە یان مەودای سەرچاوە هەواڵەکانی ئاماژەپێکراو، دیدگاکان و بابەتەکانی چیرۆک؛ (٢) جۆراوجۆری شێوازەکانی چیرۆکگێڕان، لەوانەش: گێڕانەوە، ناگێڕانەوە و فرە میدیایی؛ بۆئەوەی نیشان بدات کە چۆن ڕۆژنامەگەری سودی لە تەکنەلۆژیا وەرگرتوە؛ بۆئەوەی داهێنەربێت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا (٣) هەمەچەشنی لە درێژی چیرۆکدا، کە توانای بڵاوکراوەکە نیشان دەدات بۆ فراوانکردنی سەرنجراکێشیی خۆی بە چەندین ڕوماڵ و ناوەڕۆک (٤) هەمەجۆریی دەزگاکان، کە نیشان دەدات کە ڕۆژنامەگەری تاچەند بە باشی سود لە چەندین پلاتفۆرم و ژمارەیەکی دەروازە وەردەگرێت؛ بۆئەوەی بگاتە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکان (SRISARACAM، ٢٠١٩،59).

٩. **بەڵگەنامە وسەرچاوەی باوەڕپێکراو:** ناسنامەی سەرچاوەکەو سەرچاوەی وێنەی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی متمانە، لە ژێر ڕۆشنایی بڵاوبونەوەی ژمارەیەکی زۆر وێنەی هەڵبەستراو و درۆ لە سەرانسەری فەزای ئینتەرنێتدا. زۆرجار، سایتەکانی هەواڵ بۆ بەدەستهێنانی وێنە پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوە دەبەستن، لە هەمویان گرنگتر وێنەی هەواڵی، کە سەرچاوەی سەرەکییە بۆ دابینکردنی وێنەی جۆراوجۆری ڕوداوەکان، (حسني، ٢٠١٩، ١٤٠).

١٠. **سەرچاوەی باوەڕپێکراو:** کۆمەڵێک کەس هەن کە بە ڕاست و دروستی و وردەکاری گوێیان لە ڕوداوەکان بوە و بینویانە، وەک شایەتحاڵ و بەرپرس و پسپۆڕ (News literacy classroom resources).

## ٢-٥ ئاڵەنگارییەکانی بەردەم ڕۆژنامەگەری کوالیتی

١. **کاریگەری سیاسی:** دەستوەردانی سیاسی یەکێکە لە بەربەستە هەرە بەرچاوەکانەوەکانی بەردەمە ڕۆژنامەگەری کوالێتی لەهەرێمی کوردستان. سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستان حزبیە و هەر حزبیشە بودجە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەرخان دەکات (میخایلۆڤ،سەپان، ٢٠١٣، ٩٨)، لە کوردستان دو جۆر میدیای حزبیمان هەیە، میدیای حزبە دەسەڵاتدارەکان و میدیای حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان، جیاوازی هەردو جۆر میدیاکەش تەنها لەوەدایە، کە میدیای حزبی دەسەڵاتدار خەریکی گواستنەوەی کار و چالاکییەکانی حکومەت و نیشاندانی خاڵە بەهێز و ئەرێنییەکانی حوکمڕانییە لە کوردستان، کەچی میدیای حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان سەرقاڵی ڕەخنەگرتن و دۆزینەوە و نیشاندانی خاڵە لاواز و نەرێنییەکانی حوکمڕانییە. لە هەردو باردا، وەرگر لە ئامانج و مەبەستی ئەم میدیایانە تێگەیشتوە و دەزانێت هەرکام لەوانە چییان مەبەستە و دەیانەوێت وەرگر بۆ لای خۆیاندا ڕابکێشن، بۆیە بەوریاییەوە مامەڵە دەکەن و نابێ بکەونە ژێر کاریگەری ئەمجۆرە لە میدیا. هاوتەریب لەگەڵ ئەوان ئەندام و لایەنگرانی حزبیش هەوڵدەدەن بە هەمان ئاوازی میدیا حزبییەکان پەیامەکان بگوازنەوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هەمان ئامانج بپێکن (هەمزە،٢٠٢٠، ١٧٣).

٢. **فشارە داراییەکان:** بێگومان هەمو ڕۆژنامەنوسان بەشێوەیەك لە شێوەکان جۆرەها لەمپەریان دێتە ڕێ، ڕێگرن لە ئەنجامدانی بەدواداچون و لێکۆڵینەوە، هەروەها کۆت و بەندی بودجەیان هەیە و سەرنوسەر(بەڕێوەبەرەکان)یش ڕێگەیان لێدەگرن تا لە ویستی خۆیان و گەیشتن بەئامانجەکان لە لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکان بەردەوامبن، کۆکردنەوەی زانیاری لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ئازادیی ڕاگەیاندن (زەنگنە، ٢٠١٠، ٣٠٦).لە پەیوەندی نێوان کوالێتی بەرهەم و پەروەردەی کەسی، "بیکەر بیم و ڕوسیال" ئاماژە بەوە دەکەن ئەو کارمەند و ڕۆژنامەنوسانەی موچەی زیاتریان هەیە و بەئەزمونترن دەتوانن وتار یاخود بەرهەمێکی ڕۆژنامەوانی باشتر بنوسن (Rau،2025,8).

٣. **سەرهەڵدانی دیجیتاڵ و سۆشیال میدیا:** بەهۆی گۆڕانکارییەکانی بازاڕ و تەکنەلۆژیای بەڵگەدار و تێکدەرەوە ڕۆژنامەگەری کوالێتی لەژێر فشاردایە (Foster، Bunting،٢٠١٩،4 ). زانایان لە گۆڕینی دیجیتاڵی ڕۆژنامەگەریدا ئاماژەیان بە پراکتیکەکانی ژوری هەواڵ کردوە وەک هۆکاری لاوازبونی کوالیتی ڕۆژنامەگەری، کە فشارەکانی ئاڵۆزی لایەنی کارکردنی فرە پلاتفۆرم ڕێگری لە توانای ڕۆژنامەنوسان کردوە بۆ سەرنجدان لەکوالێتی ناوەڕۆك، تا قەبارەی ناوەڕۆك و ژمارەی پلاتفۆرمەکان زیاتربێت کە ڕۆژنامەنوسان بەرپرسیارن لێیان، کاریگەری لەسەر کوالێتی کارەکانیان زیاتر دەبێت (SRISARACAM،٢٠١٩،60 ).

٤. **هەواڵی ساختە و متمانەی بینەر:** یەکێکی دیکە لە ئاڵەنگارییەکان بەتایبەت بەهۆی خێرایی ئینتەرنێت و فشارەکانی لە کێبڕکێکردن لەگەڵ ناوەڕۆکی زانیارییەکان و گەیاندنیان بە جەماوەر، کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی پشتڕاستکردنەوەی هەڵە و زانیارییەکان، دەتوانن متمانە کە پایەی سەرەکی ڕۆژنامەگەری کوالێتیە لەناو ببات. لە کولتوری دیجیتاڵی هەر کەسێك دەتوانێت چیرۆکێك بگێڕێتەوە لە شایەتحاڵان و ناوەڕۆکی دروستکراوی بەکارهێنەر و دەسەڵاتی هەواڵەکە کەم بکاتەوە، ئەمەش دەبێتە نیگەرانی و ئاستەنگ بۆ کوالێتی هەواڵەکان و بەشداریکردنی ناپیشەیی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵدا (SRISARACAM،٢٠١٩،61 ).

میدیای کوردی بەتەنیا گیرۆدەی هەڵەی چاپ نییە، بەڵکو ناڕونی لە بەکارهێنانی وشە و ناڕونی لە دارشتندا وای کردوە ببێت بە میدیایەك قسە بزرکێنێت و شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ بکات، کە خوێنەر چۆن بتوانێت ئەوەی بۆڕاست بکرێتەوە وبێ متمانەی بۆ جەماوەر دروست دەکات.(ڕەحیم، ٢٠٠٨، ٩٧) ڕۆژنامەوان( فەریبورز بەیات) دەڵێ زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران بەهۆی کەمی زانیاری گشتی و ئاشنانەبون بە بنەماکانی شێوەی لێکۆڵینەوە، توانای لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی بابەتەکان و دەرخستنی لایەنە جۆراوجۆرەکانیان نییە.(تەوەکولی،٢٠٠٧، ٢٠٦)

**نەبونی ڕاهێنان و سەرچاوە**: توێژینەوەیەك لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دەریخستوە کە ڕۆژنامەنوسانی ڕانەهێنراو بەرپرسیارن لە کەمکردنەوەی کوالێتی هەواڵەکان؛ بەڵام بە ڕاهێنان لە بەرهەمهێنانی مالتیمیدیا، و شارەزابون لە بەرهەمهێنانی هەواڵ بۆ چەندین کەناڵ و ڕاپۆرتکردنی کوالێتی بەرز ئامادەبکەن (SRISARACAM، ٢٠١٩ ، 61).

٥. **نەبونی ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند و پیشەیی بون:** نەبونی سەقامگیریی وەزیفی ڕۆژنامەنوسان، لەوانەیە هۆکارێک بێت؛ بۆئەوەی ڕۆژنامەنوس بە پیشەی کاتی لە هەندی لایەنەوە وەربگیرێ و بازبدات بۆ پیشەیەکی دیکە، یان پەرتبونی هەوڵی ڕۆژنامەنوسان لە گەڕان بۆ کاری دیکە، توانای داهێنان و کۆششکردنیان بۆ پێشخستنی پیشەیی داواکراو لاواز دەکات (ڕەسول،٢٠٠٩، ١٧٢). ئاستی پیشەیی بونی ڕۆژنامەنوسان و پابەندبونی گشتییان بە ڕێساکانی ڕۆژنامەگەری، قەبارەی کوالێتی هەواڵەکان دیاری دەکات. ڕۆژنامەنوسان و سەرنوسەران چالاکانە بەدوای بابەتی نوێدا بگەڕێن و لێیان بکۆڵنەوە جگە لە پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەریدەگرن. باکگراوندێک لە

زانیاریی بۆ بینەر جێبهێڵن، ئەم جۆرە پاشخانە کوالیتی بابەتەکانی هەواڵ باشتر دەکات بە بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی بینەر لە چەندین بابەت نەک تەنها زانیاری ڕوکەش و فریودەریان پێبدرێت، ڕاپۆرتە هەواڵییەکان دەبێ دیدگای جۆراوجۆر پێشکەش بە بینەران بکەن، کە لە بەرامبەردا کوالیتی بەرنامەی هەواڵەکان باشتر دەکات (11، ٢٠١٥، Kibet).

### ٣- ڕۆژنامەگەری کوالیتی لە دیجیتاڵ میدیادا

### ٣-١ چەمک و پێناسەی دیجیتاڵ میدیا

فراوان بون پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بوە هۆی دروستبونی گۆڕانکاری لەتەواوی کایەکانی ژیان، سەرهەڵدانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، لەبواری ڕاگەیاندن گۆڕانگارییەکی ڕیشەیی بو (محەمەد ٢٠٢١، ١٧).

یەك لەو چەمکانەی بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرا و فراوانەی تەکنەلۆژیا و میدیای ئەلیکترۆنی هاتە ئاراوە، میدیای نوێ بو لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم (کاکەشێخ، ٢٠١٥، ١٣)، ئاماژەیە بۆ بەدەست گەیشتنی ناوەڕۆکێك لەهەرکاتێك و لەهەرشوێنێکدا بێت، لەڕێگەی ناوەندێکی دیجیتاڵی (جەلال، ٢٠١٨، ٢١١).

دەستەواژەی دیجیتاڵ میدیا یان ئەوەی کە بەمیدیای نوێ ناسراوە ئاماژەیە بە کۆمەڵە شێواز و چالاکییەکی نوێی دیجیتاڵی کە بریتییە لە بەرهەمهینان و بڵاوکردنەوەی زانیاری و ناوەڕۆکی میدیایی بەشێوەی جۆراوجۆر لەڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان (محمد، ٢٠٢٣، ٧٢).

میدیای ئەلیکترۆنی، ئەو خزمەتگوزارییە میدیاییەیە بوار بە گەشەسەندنی ناوەڕۆکی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە دەدات، لەڕێگەی ئامێرەکان لە پرۆسەی میدیادا، بە پەیوەندیی و زانیارییەوە، وەکو گواستراوەیەکی دەوڵەمەندی میدیا بەهەمو ئەو توانایەی لە شێوەو ناوەڕۆکدا هەیەتی، پاشان لە وێنەی ئاماژەکان و زانیاری و دەنگ و ڕەنگ و پێکهاتە جیاوازەکانی میدیا ( عبدالفتاح، ٢٠١٢، ١٣).

### ٣-٢ سەرهەڵدانی وێبسایتی ئەلیکترۆنی

لەسەرەتادا وێبسایتەکانی ئینتەرنێت بریتی بون لە کۆمەڵە لاپەڕەیەکی جێگیر، کە وێب داڕێژەر لەڕێگەی چەند کۆدێکی سادەوە لاپەڕەکانی وێبسایتەکەی دروست دەکرد. دواتر، ئەپلۆدی دەکردە ناو تۆڕی ئینتەرنێت ئەوەش بە نەوەی یەکەمی وێب (Web1.0) ناو دەبرا. مەبەست لەو لاپەڕەی وێبسایتانە بوکە لەسەر بنچینەی (Static – html) کاریان دەکرد و بەدەگمەن نوێ دەکرانەوە، زانیاری و بابەتەکانی ماویان جێگیربون و جگە لەبەڕێوەبەری وێبسایتەکە هیچ کەسیتر مافی ئەوەی نەبو دەستکاری بابەت و ناوەڕۆکی بابەتەکان بکات (کاکەشێخ، ٢٠١٥، ١٧).

پاش سەرهەڵدان و هاتنە ئارای نەوەی دوەمی وێب کە بە (Web2.0) ناسراوە، توانایەکی زیاتری بەخشییە بەکارهێنەری وێبسایتەکان، کە بواری ڕەخساند تا بەکارهێنەرانی وێبسایتەکان ببنە بەشداریەکی کارا لە دانانی بابەت و ئەو زانیاریيانەی لە وێبسایتەکاندا بڵاودەکرانەوە (کاکەشێخ، ٢٠١٥، ١٩).

لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکان زۆر کۆمپانیا پەیدابون لە ڕێگەی خزمەتگوزاری پەخشی ڕاستەوخۆوە زانیارییان پێشکەش دەکرد، ڕۆژنامەکان زۆر بایەخیان پێدەدا، پەیوەست بون بە ئینتەرنێتەوە بەرامبەر برە پارەیەك ڕۆژنامەکان لە سایتی ئەو کۆمپانیایانە شوێنێکی گونجاویان دۆزییەوە تاکو ناوەڕۆکی بابەتەکانیان تێدا دابنێن بۆئەوەی خوێنەران لەو ڕێگەیەوە بچنە نێو سایتەکانیان و ئاگاداری ناوەڕۆکەکانیان بن.

ڕۆژنامەی (Helsingborgs Dagblad)ی سویدی یەکەم ڕۆژنامەیە لە جیهاندا لە ساڵی ١٩٩٠ بەشێوەی ئەلیکترۆنی بڵاوبۆتەوە، بەبێ ئەوەی پێشتر کۆپی کاغەزی هەبێت (مەحمود، ٢٠٢٣، ١٤٥).

### ٣-٣ بایەخدان بە کوالیتی ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان لەدیجیتاڵ میدیادا

ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی هەندێ خاڵی نەرێنی هەیە کە ڕوبەڕوی بڵاوبونەوەی دەبێتەوە لەڕوی ڕاستگۆیی داتا و زانیارییەکان و دژواریی دڵنیابونەوە لە ڕاستییان و سەختیی دانانی دیسپلین لەپێناو زاڵبون بەسەر بڵاوکردنەوەی تایەفەگەری و توندوتیژی و زیان نەگەیاندن بە بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکانی دیکە (محەمەد، ٢٠٢١، ٦٢).

ئەو بابەتە ڕۆژنامەییە ڕەنگدانەوەی پێشینەی گرنگیپێدان بێت لای جەماوەر، کە بەپێی پێوەری ڕاستگۆیی، ڕونی زمان لەگوزارشتکردن و دەربڕین دا، زۆرجار تەمومژ لە زمانی پەیامی ڕاگەیاندندا ناڕاستی لێدەکەوێتەوە (سەلام، ٢٠١٠، ٧٩).

ڕۆژنامەنوس لەبەر بەتەنگەوەهاتنی تا بگاتە زۆرترین ژمارەی خوێنەران، مەیلی بەلای ئەوەدا دەچێت ئەو هەواڵانە بڵاوبکاتەوە کە جەماوەر پێی ڕازی دەبن (تاڵەبانی، ڕێشاوی، ٢٠٢٠، ٦٦)؛ بۆیە نەهێشتن و لابردنی شێوازی مەتەڵ هەڵهێنان لە نوسینی (هەواڵ)ی ئینتەرنێتی، پێویستە بەڕاست و دروستی بەخەڵك بڵێت ئەو ڤیدیۆیە یان ئەو هەواڵە باس لەو بابەتە دەکات؛ چونکە زۆربەی جاران وەرگران کلیك لەو بابەتانە ناکەن کە نازانن چیە، یاخود کلیکیان لەسەر لینکێك کردو ئەوە نەبو کەوا ئاماژەی بۆکرابو، ئەو سایتە متمانەی وەرگران لەدەست دەدات، پێویستە هەمیشە پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەنوسی و ئیتك و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنوسی و شێوازی پێشکەشکردن و بڵاوکردنەوەیەکی ئەکادیمیانە لەبیرنەکرێت و پەیڕەوبکرێت (جەلال، ٢٠١٨، ٢٢٤- ٢٢٥)، تاوەکو کوالیتی لەبەرهەمەکاندا ڕەنگبداتەوە.

### ٤-٣ ڕۆژنامەگەری کوالیتی لە دیجیتاڵ میدیادا و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر

لەمیدیای هەواڵیدا پرسیار دەربارەی متمانە، نزیکەی سەدەیەك دەبێت پسپۆڕانی ئەم بوارەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە، لەهەشتاکانی ساڵی ڕابردووەوە سێ کێشەی سەرەکی لەمتمانەی میدیایی بەدیدەکرێت و تائێستاش هەیە، یەکەمیان: تا ئێستا پسپۆڕان لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر لەسەر متمانەی ڕۆژنامەوانی کۆك نین، دوەمیان: لەبەر زۆری بیروڕا و زۆری سەرچاوەی هەواڵ، تا دێت متمانە لەنێوان ڕۆژنامەنوس و وەرگر کەمتر دەبێتەوە، ئەوەش دەبێتەهۆی تێنەگەیشتنی ناوەڕۆکی پەیام لەلایەن وەرگەوە، سێیەم: گرژیی و بێ متمانەیی لەنێوان وەرگر و سەرچاوەی هەواڵ هەیە بەهۆی گومانی بەردەوام لەهەواڵەکان بەتایبەتی لەسەردەمی پێشکەوتنی دیجیتاڵی و خێرایی (Kohler. 2018.19).

لەئینتەرنێتدا، ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی و پێشەکی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن و دەبێت هێندە سەرنجڕاکێش بن کەوا لەخوێنەر بکەن کلیك لەسەر بابەتەکە بکات و بەئاسانی و ڕونی تێبگات (شمیدیت، ڕێکەر، ٢٠١٢، ٧٤)، دورکەوتنەوە لە کارکردن بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی بابەتەکە و فەرامۆشکردنی لایەن و دیدێکی دیکە، جەختکردنەوەی ڕاستییەکان (سەلام، ٢٠١٠، ٧٨).کاریگەری بەهێزی دیجیتاڵ میدیا و پلاتفۆرمەدیجیتاڵیەکان ئەوەیە هەرچەند خەڵك زیاتر بەرهەمێك بەکاربینێت و بیخوێنێتەوە، زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت بۆ بەکارهێنەرانی دیکە، هەرچەند داتای زیاتر کۆنترۆڵ بکرێت، بەرهەمەکەت باشتر دەبێت لای جەماوەر (508، Netanel.2021). متمانە لەڕاگەیاندن ڕێژەی پشتبەستنی خوێنەرە بۆ ئەو زانیاری و ڕاوبۆچونانەی کە لەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەش دەکرێ، هەروەها شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی پرۆفیشناڵانەیە (سلێمان، ٢٠٢٢، ١٣)؛ بۆیە یەکێك لەو خاڵانەی متمانە لای خوێنەران دروست دەکا، ڕۆژنامەنوسی چۆنایەتیە (کوالێتی)یە، ئەمەش گرفتێکی گەورەی بەردەم ڕۆژنامەگەرییە بەگشتی و ڕۆژنامەگەری کوردی بەتایبەتی، ڕۆژنامەنوسی چۆنایەتی پەیوەندی بەئیتیکی ڕاگەیاندنەوە هەیە، پەیوەندی بەسەردێری نەرم و داڕشتنی جوان

و وێنەی گونجاو، نابێت نوسینەکان، هەڵەی خاڵبەندی و زمانەوانییان هەبێت، ناکرێ وێنەی خراپ دابنرێت و زانیارییەکان کۆنترۆڵ نەکرێن (سەپان، ٢٠١٩، ١٧٧).

## ٤- لایەنی مەیدانی و شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ سامپڵی توێژینەوەکە

### ٤-١ خستنەڕوی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە لایەنی شیکاری توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا شیکاری ناوەرۆك بۆ سامپڵێك لە هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤا نیوز کراوە ، لەماوەی سێ مانگی دیاریکراو، بەشێوەی (مانگی دەستکرد) ڕۆژەکان دیاریکراون، کە (٢٢١) هەواڵ لەخۆ دەگرێت، بەو پێیەی سنوری وەگیراوی توێژینەوەکە تەنها چوارچێوەی هەرێمی کوردستانە، بەهۆی زۆری ڕێژەی هەواڵ لە ڕۆژێکدا زیاتر لە (١٠٠) هەواڵ بڵاودەکرێتەوە لە وێب سایتی ئاڤا نیوز. توێژەر تەنها هەواڵەکانی کوردستانی وەرگرتوە، کە پەیوەستن بە ڕەوشی هەرێمی کوردستان.

**خشتەی ژمارە (١) بابەتەکانی ناو هەواڵی وێب سایتی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز**

| بابەتەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | ٥٩ | ٢٦,٦٩٪ | یەکەم |
| ئابوری | ٥٢ | ٢٣,٥٢٪ | دوەم |
| خزمەتگوزاری | ٣١ | ١٤,٠٢٪ | سێیەم |
| تاوان و سزا | ٢٢ | ٩,٩٥٪ | چوارەم |
| بۆنەو یادەکان | ٢١ | ٩,٥٠٪ | پێنجەم |
| هیتر | ١٧ | ٧,٦٩٪ | شەشەم |
| پەروەردەو خویندن | ١٥ | ٦,٧٨٪ | حەوتەم |
| وەرزش | ٤ | ١,٨٠٪ | هەشتەم |
| کۆی گشتی | ٢٢١ | ١٠٠٪ | |

لەم خشتەیەدا بابەتەکانی ناو هەواڵی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو، وەك تێبینی دەکرێت لە (٢٦,٦٩٪)ی ئەو هەواڵانەی لێ توێژراوەتەوە هەواڵی سیاسین و لە ریزبەندی یەکەمدا هاتوە، هەواڵە سیاسییەکانی تایبەت بە پرسی کورد و بابەتە کوردیەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئەو هەواڵانەی لە دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان و پەیوەستن بە پرسی کوردەوە.

لە ڕیزبەندی دوەمدا بابەتی هەواڵە کوردستانیەکانی نمونەی توێژینەوەکە، بریتییە لە هەواڵی بابەتە ئابورییەکان بە ڕێژەی (٢٣,٥٢٪)، کە زیاتر پرسی نەوت، بودجە، بانك و خانوبەرە و زەوی وزار، ئاو کارەبا لەخۆ دەگرێت.

لە ڕیزبەندی سێیەمیشدا هەواڵی بابەتی خزمەتگوزرایی بە ڕێژەی (١٤,٠٢٪) هاتوە، بەوپێیەی میدیای ئاڤا بەگشتی گرنگی دەدات بە هەواڵەکانی خزمەتگوزرای پەیوەست بە هاووڵاتیان، بەشێك لە بابەتەکانی (فایلی خەڵك) لە کەناڵەکە، دەکرێ بە هەواڵی وێب سایتەکە و بڵاودەکرێتەوە،وەکو خزمەتگوزاریەکانی ئاو کارەبا، پرۆژەکانی نیشتەجێبون.

لەیزبەندی چوارەمیشدا هەواڵەکانی بابەتی تاوان و سزا هاتوە بە ڕێژەی لە (٩,٩٥٪) هاتوە.

له ڕیزبەندی پێنجەمیشدا هەواڵەکانی پەیوەست بە بۆنەو یادەکان هاتوە بە ڕێژەی(٩,٥٠٪)، کە لەهەرێمی کوردستان هەیە و کەوتونەتە ماوەی کاتی بەرتوێژینەوەکە، وەك: بۆنە و یادەکانی یەکی شوبات، یادی ڕاپەرین، یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی،...هتد.

له ڕیزبەندی شەشەمیشدا هەواڵەکانی دیکە جۆراوجۆرن بەرێژەی (٧,٦٩٪) هاتوە، وەك: بابەتی مافی مرۆڤ و کولتوری و ئاینی، گشتوکاڵ، ژینگە،.... لەخۆدەگرێت. له ڕیزبەندی دواتریش بابەتی پەیوەست بەپرۆسەی پەروەردە و خوێندن و قوتابیان بە ڕێژەی (٦,٧٨٪)، هاتوە. له ڕیزبەندی کۆتایشدا بابەتی وەرزشی بەرێژەی (١,٨٠٪)، هاتوە.

**خشتەی ژمارە (٢) جۆرەکانی کارلێککردن لە هەواڵەکانی وێب سایتی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز**

| جۆرەکانی کارلێککردن | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| شێرکردن(بڵاوکردنەوە) | ٢٢١ | ١٠٠٪ | یەکەم |
| لینکی زیاتر | ٢٢١ | ١٠٠٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٢* | ١٠٠٪ | |

لەم خشتەیەدا ئەوە خراوەتەڕو کە جۆرەکانی کارلێك لە وێب سایتەکە چەندە بەردەستە بۆ خوێنەران وبەکارهێنەرانی وێب سایتەکە، کە لە شێوازی وێب سایتی ئاڤادا بەکارهاتوە.

له سەرجەمی هەواڵەکاندا کارلێکی (شێرکردن) بە ڕێژەی (١٠٠٪) هاتوە کە لەسەرجەمی هەواڵەکاندا لە سەرەتا و کۆتای هەوأڵەکەدا دانراوە کە خوێنەر (بەکارهێنەر) دەتوانێ هەواڵەکە شێربکات لەم چەند تۆری کۆمەڵایەتیە، وەك(فەیسبوك، مەسنجەر، لینکدین، تیلگرام، واتساپ، ئیمەیڵ، ئێکس).

کارلێکی (لینکی زیاتر)یش لە شێوازی وێب سایتی ئاڤانیوز، لەسەرجەم هەواڵەکاندا بەردەستە کە کلیلە وشەکانی بابەتی هەواڵەکە، لەکۆتای هەواڵەکە دەخاتە بەردەست، خوینەران و بەکارهێنەران لە ڕێگەی ئەو لینکی زیاتر دەتوانن هەواڵی زیاتر پەیوەست بەو بابەتی هەواڵە بخوێننەوە.

بەڵام کارلێکی( لایك، کۆمێنت(لێدوان)، ڕێژەی بینین)، لەشێوازی وێب سایتی ئاڤانیوزدا بەکارنەهاتوە، بۆ کارلێکی وەرگر لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا، دەرفەت بە وەرگر نادرێت کە ڕاوبۆچونی خۆی لەسەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە بخاتەڕو، یاخود ڕێژەی بینین ئەو هەواڵە چەندە لەلایەن وەرگرانەوە، بێگومان ئەوەش بەکاریگەری نەرێنی دادەنرێت لە سەر ئاستی کوالێتی ڕۆژنامەگەری وێب سایتەکە.

**سێیەم: پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوالێتی لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤا نیوز**

**خشتەی ژمارە (٣) پێوەری فرەیی سەرچاوەی زانیارییەکان لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز[١]**

| فرەیی سەرچاوەی زانیارییەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| پشتبەستن بەپەیامنێرەکانی خۆی | ١٩١ | ٣٧,٥٩٪ | یەکەم |
| پشتی بەبیرۆکە و خوێندنەوەی ژوری هەواڵ بەستوە | ٣٥ | ٦,٨٨٪ | پینجەم |
| پشتبەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ئاژانسەکانی ناوخۆ و دەرەوە | ١٧ | ٣,٣٤٪ | حەوتەم |
| کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی | ٦ | ١,١٨٪ | دەیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەياننامە و ڕونكردنەوەی ڕەسمی | ١٦ | ٣,١٤٪ | هەشتەم |
| ئەرشيف و بەڵگەنامەكان | ٤ | ٠,٧٨٪ | يازدەيەم |
| شايەتحاڵ | ١٥ | ٢,٩٥٪ | نۆيەم |
| سەرچاوەی ناديار | ١٨ | ٣,٥٤٪ | شەشەم |
| ئاماژەنەدان بەسەرچاوەكان | ٦٢ | ١٢,٢٠٪ | سييەم |
| كەسانی بەرپرس و پەيوەنديدار | ١٠٦ | ٢٠,٨٦٪ | دوەم |
| دامودەزگا ڕەسميەكان | ٣٨ | ٧,٤٨٪ | چوارەم |
| كۆی گشتی | ٥٠٨* | ١٠٠٪ | |

لەم خشتەيەدا پێوەری فرەيی سەرچاوەی زانيارييەكان لە ناوەڕۆكی هەواڵەكانی نمونەی توێژينەوە خراوەتەڕو، وەك تێبينی دەكرێت "پشت پەستن بە پەيامنێرەكانی خۆی" لە ڕيزبەندی يەكەم بە ڕێژەی (٣٧,٥٩٪) دێت، لە كۆی (٢٢١)هەواڵ (نمونەی توێژينەوە)ەكە، لە وەرگرتنی زانياری و دروستكردنی ناواخنی هەواڵەكاندا ڕۆڵی هەبوە.
لەبەرامبەردا (شايەتحاڵ، بەياننامە و كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ، پشت بەستن بە سەرچاوەی ئاژانسەكانی ناوخۆ ودەرەوە، ئەرشيف و بەڵگەنامەكان) كەمتر پشتيان پێبەستراوە لە دروستكردنی ناوەڕۆكی هەواڵەكانی بەرتوێژينەوەدا.

**خشتەی ژمارە (٤) پێوەری وردبينی لە ناوەڕۆكی هەواڵەكانی ديجيتاڵ ميديای ئاڤا نيوز[٢]**

| وردبينی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ڕەچاوی خاڵبەندی كراوە | ١٨٥ | %23.47 | چوارەم |
| هەڵەی ڕێزمانی هەبوە | 197 | %25 | سێيەم |
| لە پەيامەكانی پەيڕەوی ستانداردی زمانەوانی كردوە | ٢٠٢ | %25.63 | دوەم |
| پەيامەكانی ڕون و ئاشكرايە | ٢٠٤ | %25.88 | يەكەم |
| كۆی گشتی | ٧٨٨* | ١٠٠٪ | |

لەم خشتەيەدا پێوەری وردبينی لە هەواڵەكانی نمونەی توێژينەوە دەخاتەڕو، وەك تێبينی دەكرێت ڕون و ئاشكرايی لەپەيامی هەواڵەكاندا بەرێژەی(٢٥,٨٨٪)، لە ڕيزبەندی يەكەم دێت. مەبەست لە ڕون و ئاشكرايی پەيامەكانی، واتا پێشكەشكردنی زانيارييەكان بەشێوەيەكی ڕون و تێگەيشتنی وەرگر لە واقيعی دۆخەكە و گەياندنی ڕاستييەكان و ئاماژەكردن بەسەرچاوەی زانيارييەكان.

لە ڕيزبەندی دوەمدا "پەيڕەوكردنی ستانداردی زمانەوانی لە هەواڵەكاندا" بە ڕێژەی (٢٥,٦٣٪) هاتوە، لە ڕيزبەندی سێيەميش "هەڵەی ڕێزمانی هەبوە" بەرێژەی (٢٥٪) هاتوە، كە ئەو هەڵانەش بەهۆی پێدانەچونەوە بێت لەكاتی بڵاوكردنەوە ياخود بەهۆی خێرای لەبڵاوكردنەوەی هەواڵەكە بێت، بێگومان لەهەردو حاڵەتەكەدا كاريگەری هەيە لەسەر وردبينی و ڕاستگۆيی هەواڵەكان.

لە ڕيزبەندی چوارەم و كۆتايشدا "ڕەچاوكردنی خاڵبەندی" بەرێژەی (٢٣,٤٧٪) هاتوە، كە خاڵبەندی لە نوسينی هەواڵدا بەبەشێك لە وردبينی دادەنرێت، و بونی هەڵەی خاڵبەنديش لەهەواڵەكانی نمونەی توێژينەوەكە دەگەڕێتەوە بۆ شارەزانەبونی پەيامنێرو دەستەی نوسەرانی هەواڵی وێب سايتی ئاڤا.

**خشتەی ژمارە (٥) پێوەری بێلایەنی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز[٣]**

| بێلایەنی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ڕاڤەکردنی بابەتە کوردستانیەکان دور لەلایەنگری | ١٣٨ | %18.44 | چوارەم |
| وەرگرتنی گۆشەنیگاکان دور لەلایەنگری | ١٥٨ | ٪٢١,١٢ | دوەم |
| وەرگرتنی ڕا و ڕای بەرامبەر لەبەرامبەر کەیسێکی دیاریکراو | ١٢٨ | ٪١٧,١١ | پێنجەم |
| بەکارهێنانی دەستەواژەکان بە بێلایەنانە | ١٤٣ | ٪١٩,١١ | سێیەم |
| ئاماژەکردن بە سەرچاوە لێوەرگیراوەکان بە بێلایەنی | ١٨١ | ٪٢٤,١٩ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٧٤٨* | ٪١٠٠ | |

لەم خشتەیەدا پێوەری بێلایەنی وەکو یەکێك لە پێوەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوالیتی خراوەتە ڕو لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە، لەڕیزبەندی یەکەمدا ' ئاماژەکردن بە سەرچاوە لێوەرگیراوەکان بە بێلایەنی' بەڕێژەی (٪٢٤,١٩) هاتوە، هەرچەندە بەشێك لەهەواڵەکان لە ئاژانسەکانی ناوخۆ و دەرەوە وەرگیراوە، ئەو هەواڵانەشی لە سەرچاوەی تر وەریانگرتوە بەتایبەت دامودەزگا ڕەسمییەکان تەنها ئاماژەیان بە ناوی دەزگا حکومیەکان کردوە، ئاماژەیان بە ناوی ئەو ماڵپەڕە نەکردوە کە دەزگا حکومییەکان ئەو زانیارییەیان لێبڵاوکردوەتەوە. لەڕیزبەندی دوەمیشدا، وەرگرتنی گۆشەنیگاکان دور لەلایەنگری' بەڕێژەی (٪٢١,١٢) هاتوە، هەرچەندە لە نیوەی زیاتری هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە گۆشەنیگای جیاوازی بابەتەکە نەخراوەتە ڕو، زیاتر یەك گۆشەنیگای بابەتەکە وەرگیراوە، هەمیشە ئەو لایانانە نیشان دەدات کە لایەنی ئەرێنییە. لەڕیزبەندی سێیەم ' بەکارهێنانی دەستەواژەکان بەبێلایەنانە' بەڕێژەی (٪١٩,١١) هاتوە، لەڕیزبەندی چوارەم ' ڕاڤەکردنی بابەتەکوردستانیەکان دور لەلایەنگری' بەڕیژەی (٪١٨,٤٤) هاتوە، لە بابەتە سیاسیە کوردستانییەکان هەرچەندە بەهۆی لایەنی نەتەوایەتیەوە لە داڕشتنەوەی هەواڵەکان لایەنگری کراوە، لەهەواڵەکانی بابەتی خزمەتگوزاریش زیاتر وەسف و پێداهەڵدانە بەکارو پرۆژەکانی حکومەت، ئاڤا ئەو هەواڵانەی پەیوەستە بە دەڤەری سلێمانی هەوڵ دەدات زەق نیشانیان بدات، یاخود زیاتر ئەو پەیامانە وەردەگرێت کە زیاتر خزمەت بەلایەنگری خۆی دەکات. ڕیزبەندی پێنجەمیش' وەرگرتنی ڕا و ڕای بەرامبەر لەبەرامبەر کەیسێکی دیاریکراو' بەڕێژەی (٪١٧,١١) هاتوە، کە لەهەواڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە زیاتر ڕای لایەنی حکومی وەرگیراوە، یاخود ئەو ڕایەی کە خزمەت بە حکومەت دەکات، کەمتر ڕای هاووڵاتیان لەهەمبەر بابەتەکە وەرگیراوە، کە ئەوەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ پێوەری بێلایەنی.

**خشتەی ژمارە (٧) پێوەری بابەتیبون لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز[٤]**

| بابەتیبون | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ئاماژەکردن بەسەرچاوە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان | ١٥٩ | % 38.78 | دوەم |
| جیاکردنەوەی بۆچون لە ڕاستی هەیە | ٢١٣ | % 51.95 | یەکەم |
| هەواڵەکاندا ناوزڕاندن و تەشهیر هەیە | ٣٨ | ٪٩,٢٦ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٤١٠ | ٪١٠٠ | |

لەم خشتەیەدا پێوەری بابەتیبون لەناوەڕۆکی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕو، کە لە ڕیزبەندی یەکەم "جیاکردنەوەی بۆچون لەڕاستی" بەڕێژەی (٥١,٩٥٪) هاتوە، کە ئەوەش ڕێژەیەکی باشە و نابێ پەیامنێر ڕاوبۆچونی خۆی یاخود لایەنگری خۆی لەبەرامبەر بابەتێك بخاتەڕو، بەڵکو زانیاری و لێدوان و ڕای هاووڵاتیان وەکو خۆی بگوازێتەوە. لە ڕیزبەندی دوەم "ئاماژەکردن بەسەرچاوەکان" بەڕێژەی (٣٨,٧٨٪) هاتوە. لە ڕیزبەندی سێیەم"ناوزڕاندن" بەڕێژەی (٩,٢٦٪) لەهەواڵەکانی نمونە توێژینەوەکە هاتوە.

**خشتەی ژمارە (٨) پێوەری دوپاتکردنەوە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز**

| دوپاتکردنەوە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| رایەکان و لێدوانەکان لە سەر کەسانی بڕیار بەدەست وەرگرتوە | ١٦٨ | %43.18 | یەکەم |
| هەواڵەکان لە سەرچاوەی خۆی دوپات دەکاتەوە | ٨٣ | %21.33 | سێیەم |
| تەنها لە ڕوکەش هەوڵی دوپاتکردنەوەی هەواڵ دەدەن نەك گەوهەری ناوەڕۆك | ١٣٨ | %35.47 | دوەم |
| کۆی گشتی | ٣٨٩* | ١٠٠٪ | |

لەم خشتەیەدا پێوەری دوپاتکردنەوە لەناوەڕۆکی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوە، وەکو یەکێك لە پێوەری ڕۆژنامەگەری کوالیتی خراوەتەڕو، کە ئەو دوپاتکردنەوەیە لە هەواڵەکاندا بۆ ڕاست و دروستی زانیاریەکان و پشتراستکردنەوەی زانیارییەکان لەکەسانی پەیوەندیدار بەبابەتەکەوە، کە ئەوەش کاریگەری دەبیت لەسەر دروستبونی متمانەی وەرگر بە زانیارییەکان. وەکو تێبینی دەکرێت ' وەرگرتنی ڕاو لێدوانەکان لە کەسانی بڕیار بەدەست وەرگیراوە' لەڕیزبەندی یەکەمە بەڕێژەی (٤٣,١٨٪) هاتوە. لەڕیزبەندی دوەم' تەنها بەڕوکەش هەوڵی دوپاتکردنەوە هەواڵ دەدەن' بەڕێژەی (٤٦,٤٧٪) هاتوە، کە ئەوەش زۆرجار لە هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەبێ وەرگرتنی لێدوان لە کەسانی بەرپرس و ڕەسمی و پەیوەست بەباتەکە ، هەواڵەکە بڵاودەکەنەوە. لەڕیزبەندی سێیەمیش' دوپاتکردنەوە هەواڵەکان لەسەرچاوەی خۆی' بەڕێژەیەکی کەم کە(٢١,٣٣٪) هاتوە، لەبەرئەوەی بەخاڵی جەوهەری ڕۆژنامەگەری کوالێتی دادەنرێت، دوپاتکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانە لە سەرچاوە باوەڕپێکراو و پەیوەست بە بابەتەکەوە، ئەوەش دەبێتە پێدانی زانیاری ڕاست و دروست بە وەرگر و پەیڕەوکردنی ڕاستگۆیی لە هەواڵەکان.

**خشتەی ژمارە (٩) پێوەری قوڵایی و گشتگیری لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز**[٥]

| قوڵایی و گشتگیری | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| گشتگیر بوە لە وەرگرتنی ڕایەکانی پەیوەست بە هەواڵ | ١٤٢ | %41.04 | دوەم |
| پەیامەکانی بە زمانی داتا و زانیاری خستۆتەڕو | ١٧٦ | %50.86 | یەکەم |
| ڕوماڵی شیکاری بونی هەیە | ٢٨ | %8.09 | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣٤٦* | ١٠٠٪ | |

لەم خشتەیەدا پێوەری قوڵایی و گشتگیری خستوەتە ڕو لەناوەڕۆکی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە، وەك تێبینی دەکرێت لە ڕیزبەندی یەکەم "خستنەڕوی پەیامەکان بەزمانی داتا و زانیاری" بەڕێژەی (٥٠,٨٦٪) هاتوە، کە ئەوەش کاریگەری هەیە لە سەر دروستی زانیاریەکان و متمانەکردن بە زانیاریەکان لەلایەن وەرگرەوە. لە ڕیزبەندی دوەم "گشتگیربون لە وەرگرتنی ڕایەکانی پەیوەست بە هەواڵ" بەڕێژەی (٤١,٠٤٪) هاتوە. لە ڕیزبەندی سێیەم "بونی ڕوماڵی شیکاری" بە ڕیژەی (٨,٠٩٪) هاتوە، کە لە ئێستادا ئەرکی هەواڵ تەنیا گواستنەوەی زانیاری نیە، بەڵکو پەلی کیشاوە بۆ ڕوماڵکردنی شیکاریانەی بابەتەکان.

**خشتەی ژمارە (١٠) پێوەری هەواڵی خۆبەرهەمکراو لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز**

| هەواڵی خۆبەرهەمکراو | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ڕادەی هەبونی ڕێژەی بەرزی بابەتە خۆ بەرهەمکراوەکان لەلایەن پەیامنێرانی دەزگاوە | ٩٣ | ٪٤٢,٠٨ | دوەم |
| هەواڵیە بەرهەمکراوە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەزگای ئاڤا | 128 | ٪٥٧,٩١ | یەکەم |
| کۆی گشتی | 221 | ٪١٠٠ | |

لەم خشتەیەدا پێوەری هەواڵی خۆبەرهەمکراو لەهەواڵەکانی وێب سایتی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕو، بەڕێژەی(٤٢,٠٨٪) هاتوە، کەمەبەست لیی ئەو هەواڵانەن لەلایەن پەیامنێرانی وێب سایتەکە یاخود دەزگای میدیایی ئاڤاوە بەرهەم هاتون، بە ئامادەبونی پەیامنێر لە شوێنی ڕوداوەکە یاخود وەرگرتنی لێدوانی ڕاستەوخۆ لە کەسانی پەیوەست بە بابەتی هەواڵەکە. بەڵام لەبەرامبەردا هەواڵیە بەرهەمکراوە دەرەکیەکانی دەرەوەی وێب سایتی ئاڤانیوز بەڕێژەی (٥٧,٩١٪) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، کە زیاتر ئەو هەواڵانەن لە ئاشانسە ناوخۆی و دەرەکیەکان وەرگیراون، یان لە بەیاننامە و ڕونکردنەوە ڕەسمیەکان و ڕاگەیەندراوەکانی دامودەزگا حکومی و ناحکومی وسیاسییەکان وەرگیراون، لەوێب سایتی نمونەی توێژینەوەکە کراون بە هەواڵ.

**خشتەی ژمارە (11) پێوەری ئاکاری لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی دیجیتاڵ میدیای ئاڤا نیوز[٦]**

| ئاکاری | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| لە پەیامەکانیدا ڕەچاوی سیاسەتی دەزگای کردوە | ٢١٣ | %40.34 | یەکەم |
| پەیڕەوی ڕاستگۆیی کردوە | ١٥٢ | %28.78 | سێیەم |
| ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی | ١٦١ | %30.49 | دوەم |
| کۆی گشتی | ٥٢٨* | ٪١٠٠ | |

لەم خشتیەدا پێوەری ئاکاری لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە ڕون کراوەتەوە، مەبەست لێی سەربەخۆیی ڕۆژنامەنوس لە کاری میدیایدا و باپەندبونە بە بنەما ئەخلاقیەکانی وەکو بیلایەنی و دادپەروەری، بەرپرسیاریەتی، ڕونی و شەفافیەت، کە لەریزبەندی یەکەمدا "ڕەچاوکردنی سیاسەتی دەزگا" بەڕیژەی (٤٠,٣٤٪) هاتوە، لەڕیزبەندی دوەم "ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی" بەڕێژەی (٣٠,٤٩٪) هاتوە، "ڕەچاوکردنی ڕاستگۆیی" لەڕیزبەندی سێەم بەڕێژەی

(٢٨,٧٨٪) هاتوە، لەکاتێکدا ڕاستگۆیی یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی کوالێتی و ئیتیك لە ڕاگەیاندن، هۆکارە بۆ لەدەستدانی متمانەی وەرگر، دڵنیابونەوە لە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان پیش بڵاوکردنەوەیان لەلایەن ڕۆژنامەنوس و پەیامنێران و دەزگا ڕاگەیاندنەکان، پشت بە سەرچاوە بەهێز و باوەڕپێکراوەکان دەبەستێت، ئاماژە بەسەرچاوەی زانیارییەکان دەدرێت، بەڵام لە بەشێکی زۆری هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤا پەیڕەوی ڕاستگۆیی نەکردوە، زانیارییەکانی لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو پشتڕاست نەکردوەتەوە، ئەو لێدوان و ڕاگەیەندراوانەی بڵاوی کردونەوە ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەکردوە، ئایا ئەو لێدوانانە بۆ ئاڤا دراوە، یاخود بۆ چ دەزگایەك.

## ٤-٢ دەرەنجامەکانی توێژینەوە

**توێژینەوەکە گەیشتوە بە چەند ئەنجامێك، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

١.لەڕوی بونی جۆرەکانی کارلێککردنەوە، بەشێوەیەکی گشتی ویب سایتی ئاڤانیوز وەکو پێویست بایەخی بەو تایبەتمەندییانە نەداوە، تەنها تایبەتمەندی کارلێکردنی(شێرکردن - لینکی زیاتر دەربارەی بابەتەکە) بایەخی پێدراوە، دەرفەتی کارلێککەکانی دیکەی (لایك و کۆمێنت، ڕێژەی بینین) بۆکارهێنەران فەراهەم نەکراوە.

٢.سەرچاوەی هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤانیوز، هەمەجۆرن و بە ڕێژەی جیاواز پشتیان پێبەستراوە، زۆرترین پشتبەستن بەزانیاری هەواڵەکان لەلایەن پەیامنێرەکانیانەوە بوە بە ڕێژەی (٣٧,٥٩٪)، هەروەها لێدوان وەرگرتن لە کەسانی بەرپرسی و پەیوەندیدار بەبابەتەکەوە بە ڕێژەیەکی بەرز دێت کە (٢٠,٨٦٪)، بەڵام کەمترین سەرچاوەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان پشتیان پێبەستراوە کە ڕێژەی (٠,٧٪)هاتوە.

٣.لەڕوی ڕونی و ئاشکرایی پەیامەکانیەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕەچاوی پێوەری وردبینی لە هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤانیوز کراوە، هەرچەندە کەموکوڕی زۆریان هەیە لەڕوی خاڵبەندیەوە،بە ڕێژەی (٢٣,٤٧٪) هاتوە.

٤.لە ڕەچاوکردنی پێوەری بێلایەنی لەلایەن وێب سایتی ئاڤاوە، لە شرۆڤەکردنی بابەتەکان و وەرگرتنی ڕا و ڕای بەرامبەر بێلایەن نەبوە، زیاتر هەوڵیداوە لە شرۆڤەکردنی هەواڵەکان خزمەت بە حکومەت بکات، کەمترین ڕای بەرامبەر کە ڕای هاووڵاتییانە وەرگراوە، بەڕێژەی (١٧,١١٪) هاتوە.

٥.بابەتیبونی ناوەڕۆکی هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤانیوز، بەڕادەیەکی زۆر ئاماژەی بەسەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکان نەکردوە، تاڕادەیەك ناوزڕاندن لە هەواڵەکانیان بەدیدەکرێت، ئەوەش کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر پابەند نەبون بەپێوەری بابەتیبونەوە.

٦. پشتڕاستکردنەوە( دوپاتکردنەوە)ی زانیاری ناوەڕۆکی هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤانیوز، هەرچەندە بە پلەی یەکەم لەهەواڵەکاندا ڕا و لێدوانەکان لەکەسانی بڕیاربەدەست وەرگرتوە، بەڵام لە زۆرینەی هەواڵەکاندا بە ڕوکەش بە ڕێژەی(٣٥,٤٧٪)، هەوڵی دوپاتکردنەوە بوە و بەبێ وەرگرتنی لێدوان لەکەسانی بەرپرس و فەرمی و پەیوەست بەبابەتەکەوە هەواڵەکان بڵاوکراونەتەوە.

٧.پێوەری گشتگیری و قوڵی لە هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤانیوز لە خستەڕوی داتا و زانیارییەکان ڕێژەیەکی بەرچاوی هەبوە، بەڵام لە وەرگرتنی گشتگیری ڕایەکان، لە زۆرینەی هەواڵەکان ڕای زۆری وەرنەگرتوە، هەرچەندە لە ڕوماڵی شیکاری ڕێژەیەکی کەمی هەبوە.

٨.ڕادەی هەبونی بابەتە خۆبەرهەمکراوەکان لەلایەن پەیامنێرانی وێب سایتی ئاڤاوە، ڕێژەی نیوە کەمتری وەرگرتوە، ئەوەش زیندویەتی نادات بە هەواڵەکانی دیکە کە لە دەرەوەی دەزگای ئاڤاوەبەرهەمهاتون.

٩.لەپێوەری ئاکاری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی وێب سایتی ئاڤا، بە پلەی یەکەم (٤٠,٣٤٪) لە پەیامەکانیدا ڕەچاوی سیاسەتی دەزگای کردوە، بەڵام لەپەیڕەوکردنی ڕاستگۆیی لە هەواڵەکان، کەمترین ڕێژەی هەیە کە (٢٨,٧٨٪)هـ، کە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت دیجیتاڵ میدیای ئاڤانیوز، زیاتر پەیوەستە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بەرلەپەیڕەوکردنی ڕاستگۆیی.

## ٤-٣ پێشنیاز و ڕاسپاردە

لە سۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتوە، لێرەوە وەکو ڕاسپاردەیەک ئەوە دەخەینەڕو کە زۆر گرنگە ڕۆژنامەگەریی کوالیتی وەکو وانەیەکی زانستی لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان بخوێنرێت و بایەخی پێبدرێت.بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە توێژینەوە لەبواری کوالێتی ڕۆژنامەگەری، توێژەر ئەم پێشنیارانە دەخاتە بەردەم توێژەران و ئەکادیمکارانی بواری میدیا لەهەرێمی کوردستان:

١.توێژینەوەی زیاتر لەسەر ڕۆژنامەگەری کوالێتی لەبواری ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی بینراو بیستراو خوێندراو بکرێت، کە لەم ڕووەوە لەهەرێمی کوردستان هەست بە بۆشایی زۆر و پێویستی دەکرێت.

٢.توێژینەوە لەسەر کوالێتی سەرجەم ژانرەکانی دیکە ڕاگەیاندن بکرێت.

٣.وەکو وانەی زانستی بخوێنرێت لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان.

## ٤-٤ سەرچاوەکان


تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران - ڕێشاوی، یەحیا عومەر (٢٠٢٠). میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا. لەبڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا.

تەوەکولی، ئەحمەد (٢٠٠٧). چۆنیەتی ڕاپۆرت نوسین لە ڕاگەیاندندا. وەگێرانی: جوامێر مارابی. چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

جەلال، سامان (٢٠١٨). هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

حسن عبد الزهره عبد الرضا، ٢٠١٧. دور إدارة الجودة الشاملة في تعزيز الميزة التنافسية. جامعة القادسية.

ڕەحیم، سیروان (٢٠٠٨). نیشتیمانی بێ میدیا. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

ڕەسوڵ، هێرش (٢٠٠٩). ئازادی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا (١٩٩٣-٢٠٠٧). سلێمانی، چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر.

زەنگنە، عەبدوڵڵا مەحمود (٢٠١٠). مافی گەیاندن میدیا جەماوەریەکان و گەشەسەندنی ئابوری. چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك

سەپان، مغدید (٢٠٠٦). ئاژانسەکانی دەنگوباس. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

سەپان، مغدید (٢٠١٩). گوتارە تەمەن درێژەکان. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سەلام، فاتیح (٢٠١٠). ڕۆژنامەگەری پەیدابونی ڕۆژنامەگەری و پەرەسەندنی لە چەرخە کۆنەکان. چاپخانە، چوارچرا، سلێمانی.

شمیدیت، ئێلیزابێس، سێڤن ڕێکەر (٢٠١٢). بنەماکانی کاری ڕاگەیاندنی چاپکراو، ئینتەرنێتی و پەخشکراو. وەرگێرانی بۆ کوردی: ئاکۆ محەمەد. دەزگای MICT میدیایی، ئەڵمانیا.

قەرەداخی، حەمە ڕەشید (٢٠٠٦). فەرهەنگی ئازادی. دەزگای چاپ و نەشری احسان.

کاکەشێخ، هەردەوان مەحمود (٢٠١٥). میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی. چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی.

ماجد، محمد (١٣٦٨). فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە. چاپخانەی پویا، تهران.

محمەد، ئاریانا ئیبراهیم (٢٠٢١). نوسین لە میدیای ئەلیکترۆنیدا. چلپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

محەمەد، شاخەوان مەلا (٢٠١٤). ڕۆژنامەگەری تەنزلەهەرێمی کوردستاندا. بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر.

میخایلۆڤ، سێرگێی - سەپان، مغدید (٢٠١٣). پەیامنێری تەلەفیزۆن. چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

هەمزە، مەسعودی مەلا (٢٠٢٠). بەخەیاڵی "پراڤدا"وە. چاپخانەی تاران، کوردستان- هەولێر. صبحة، صاحبي، ٢٠١٨. اتجاهات الشباب الجزائري نحو مصادر الأخبار بين الإعلام التقليدي والإعلام الجديد. رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهدي، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، الجزائر.

Kibet, A., 2015. *Reflecting on News Quality*. Media Council of Kenya.
Olsen, G.R., 2018. *A new platform for quality journalism?* PhD thesis, University of Bergen, Norway.

أحمد، ئاراز رمضان (٢٠١٨). ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.
سلێمان، شاخەوان محەمەد (٢٠٢٢). پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بە ئیتیکی ڕاگەیاندن و کاریگەری لەسەر دروستکردنی متمانە لای خوێنەر لە هەرێمی کوردستاندا. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.
محمد، بەشدار حسێن (٢٠٢٣). پشتبەستنی جەماوەر بە دیجیتاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەرنامەکانی پەیوەست بە هۆشیاری کۆمەڵایەتی، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.
مەحمود، محەمەد عەبدوڵلا (٢٠٢٣). ڕەخنەی میدیایی لە گوتاری هەواڵی سیاسی لە میدیای نوێ لەهەرێمی کوردستاندا) :سایتی (NRT بەنمونە. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.
أياد مصطفى عبدالفتاح، ٢٠١٢. معالجة المواقع الإخبارية الإلكترونية العربية لواقع الأقباط في مصر: دراسة تحليلية مقارنة لموقعي الجزيرة نت والعربية نت. رسالة ماجستير، جامعة الأزهر، كلية الآداب.
عبدالفتاح، اياد مصطفى(٢٠١٢)، معالجة المواقع الاخبارية الالكترونية العربية لواقع الأقباط فى مصر، دراسة تحليلية مقارنة لموقعى الجزيرة نت و العربية نت، رسالة ماجستير، جامعة الازهر، كلية الأداب.
Conde ‹Maria rosa Berganza ‹Roberto de miguel pascual‹,2010, free dailies and quality standards: A comparative- exploratory analysis of journalistic excellence among five Spanish daily newspapers, Paper presented at the 3rd European Communication Conference. ECREA. Hamburg,.
أحمد عريقات، ليلى جرار، عزت حجاب، ٢٠١٩. جودة الصحافة الإلكترونية الأردنية من وجهة نظر أعضاء هيئة تدريس الصحافة في كليات الإعلام في الجامعات الأردنية .*العلوم الإنسانية والاجتماعية*، المجلد(٤٦)، العدد(٣).
ثنيو، سمية، ٢٠١٧. المواقع الإلكترونية - خصائصها ومعايير قياس جودتها .*مجلة العلوم الإنسانية*،ب(٤٧).
حسنى، رفعت حسنى(٢٠١٩)، معايير جودة الصورة الصحفية في الواقع الالكترونية الاخبارية، المجلة الباحث الاعلامى، كلية الرافدين الجامعة، عدد(٤٦)
حمزة قدح، عطا الله طريف، خالديه مداح، ٢٠٢١. تقييم جودة محتوى الصحافة الإلكترونية الجزائرية: دراسة تحليلية لموقعي (البلاد، النهار) .*مجلة الإعلام والمجتمع* ، المجلد(٥)، العدد(٢)
Rosa, M. and de Miguel Pascual, R., 2010. Free dailies and quality standards: A comparative-exploratory analysis of journalistic excellence among five Spanish daily newspapers.
Schiffrin, A., Groves, D.W. and Stiglitz, J.E., 2024. Quality journalism is more important than ever. [online] Available at: <URL> [Accessed 8 August 2025].
Seven standars of quality journalism, [online] Available at: News literacy classroom resources [Accessed 8 February 2025].
Vehkoo, J., 2009–2010. *What is quality journalism and how it can be saved*. [online] Available at: <URL> [Accessed 8 August 2025].
Weinstock, N.N., 2021. Mandating digital platform support for quality journalism. *Harvard Journal of Law & Technology*, 34(2).

عومەر، کامیل،(٢٠٢٢/٤/٨)، بێلایەنی؛ پێوەرە ناواقیعییەکەی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنCHMK | *، بەردەستە لە https://chmk.org/ku/independency-one-of-non-reliable-media-ethics-principles/ (سەردانیکراوە لە: ٢٥-١-٢٠٢٥)

Degen, M., Olgemolle, M. and [Last name], C., 2024. Quality journalism in social media: What we know and where we need to dig deeper. [online] Available at: <URL> [Accessed 8 August 2025].
Foster, R. and Bunting, M., 2019. Public funding of high-quality journalism: A report for the ACCC. [online] Available at: <URL> [Accessed 8 August 2025].

Granderath, L.J., 2023. The journalistic quality of news on Instagram: A qualitative content analysis of Instagram posts and stories from U.S.-American and German news outlets. [online] Available at: <URL> [Accessed 8 August 2025].

Kohler, K.O., 2018. *Trust in news media and journalism*. Wiesbaden.

Rau, H., no date. Merit quality – founding a new approach on journalism quality [online] Available at: <URL> [Accessed 8 August 2025].

Sakulsri Srisaracam, 2019. Digital convergence in the newsroom: Examining cross-media news production and quality journalism. [online] Available at: <URL> [Accessed 8 August 2025].

Temenugova, Aleksandra. Vesna Sopar, Zoran Dimitrovski und Sefer Tahiri: Guidelines on ethical Journalism and Quality reporting. Publisher Verein freies radio Wien.. [online] Available at: <URL> [Accessed 1 August 2025].https://o94.at/sites/default/files/2018-07/Guidelines-on-Ethical-Journalism-and-Quality-Reporting_EN1.pdf

Vehkoo, J., 2009–2010. What is quality journalism and how it can be saved. [online] Available at: <URL> [Accessed 8 August 2025].

عبدالله ئازاد، بەڕێوەبەری سایتی ئاڤا، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥/٢/١٩، هەولێر.

**پەراوێزەکان:**

(1) * لە زۆرینەی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوە، زیاتر لە سەرچاوەیەکی زانیاری هاتوە لەناوەرۆکی هەواڵەکان.
(٢)* لە زۆرینەی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوە، زیاتر لە خاڵێکی پێوەری وردبینی لەخۆ گرتبو.
(٣)* لە زۆرینەی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوە، زیاتر لە خاڵێکی پێوەری بێلایەنی لەخۆ گرتبو.
(٤)* لە زۆرینەی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوە، زیاتر لە خاڵێکی پێوەری بابەتیبون لەخۆ گرتبو.
(٥) *لە زۆرینەی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوە، زیاتر لە خاڵێکی پێوەری دوپاتکردنەوە لەخۆ گرتبو.
(٦)* لە زۆرینەی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوە، زیاتر لە خاڵێکی پێوەری قوڵایی وگشتگیری لەخۆ گرتبو.

**(*) ناوی پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

١. پ.د. سامان جلال مولود - زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر/ کۆلێژی ئاداب/ ڕاگەیاندن
٢. پ.ی.د. سیروان ئەنوەر - زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر / کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر / بەشی میدیا
٣. پ.ی.د. ئاراز ڕەمەزان – زانکۆی ڕاپەڕین/ سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
٤. پ.ی.د. یوهان عوسمان - زانکۆی سلێمانی/ سکۆلی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ ڕاگەیاندن
٥. پ.ی.د. ظاهرحمدامین صابر - زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر / کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر / بەشی میدیا